# سەرکردەی دەوڵەتمەدار و بڕیاردانی قورس

سەرکردەی دەوڵەتمەدار ئەو سەرکردانەن لەسەر بناغەی تێڕوانین بۆ ئاییندەو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە بڕیاری قورس دەدەن، ئەگەرچی کاتێک ئەم بڕیارانە دەدەن ڕووبەڕووی سەختی و بەرهەڵستی دەبنەوە، بەڵام سەرکردەی دەوڵەتمەدار ئەو کەسە مەزنەیە کە دەتوانێت گوزارشت لەتێڕوانین و ئیختیاراتی سەخت بکات و مل بۆ فشاری بەرژەوەندییە تایبەتییەکان کەچ ناکات.

پراپۆدیڤ کۆنانا



لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا بەسەدان سیاسەتمەدرا بوونی هەیە، بەڵام هەر نەتەوەیەك بەپیاوێکی دەوڵەتمەدار دەناسرێتەوە، بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو نەتەوەیە بێجگە لەو پیاوە دەوڵەتمەدارە، سەرکردەیەکی دیکەی تێدا هەڵنەکەوتووە، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەو چوارچێوەی سەرکردەی دەوڵەتمەداری یەکەم بۆ دەوڵەتی نەتەوەکەی دایدەڕێژێت سەرکردەکانی دوای خۆی تەواوکاری دەبن، یان پارێزەری ئەو مێتۆدە دەبن کە دەوڵەمەتداری نەتەوە بۆ ئایینـدەی نەتەوەکەی دایڕشتووە، ئەمە پێمان دەڵێت جیاوازی نێوان سیاسەتمەدار و

**ئامانجی دەوڵەتمەدار بریتییە لەئایینـدەی وڵاتەکەی و خۆشگوزەرانی نەوەکانی داهاتوو، لەم پێناوەشدا دەوڵەتمەدار دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەی بۆ ئەوەی لەدووبارە بونیادنانەوەی نەتەوە یان دەوڵەتی نەتەوەییدا ئایینـدەی پێ بخوێنێتەوە**

دەوڵەمەتدار تەنیا ئەوە نییە ئاستی لێهاتوویی و زیرەکی سیاسیی دەوڵەتمەدار لەئاستی سیاسیی و لێهاتوویی سیاسەتمەدار بەرزتر بێت، نەخێر جیاوازییەکە پەیوەستە بەشێوازی بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ ئەو ئامانجانەی کە هەر یەکەیان مەبەستیانە، دیسان ئەمە مانای ئەوەنییە ئامانجی دەوڵەمەتدار باشە و ئامانجی سیاسەتمەدار خراپە، نەخێر ئەمەش دوو ئامانجی جیاوازن و ناکرێن تیکەڵاو بکرێن، لەوانەیە ئامانجی سیاسەتمەدارەکەش ئامانجێکی باش بێت و بریتی بێت لەئایینـدەی حزبەکەی یان هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەڵام ئامانجی دەوڵەتمەدار بریتییە لەئایینـدەی وڵاتەکەی و خۆشگوزەرانی نەوەکانی داهاتوو، لەم پێناوەشدا دەوڵەتمەدار دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەی بۆ ئەوەی لەدووبارە بونیادنانەوەی نەتەوە یان دەوڵەتی نەتەوەییدا ئایینـدەی پێ بخوێنێتەوە، بەهەمان شێوە سیاسەتمەداریش مێژووی نەتەوەکەی دەخوێنێتەوە، بەڵام ئامانجی ئەوییە ئایینـدەی حزبەکەی پێ بخوێنێتەوە، ئامانجی دەوڵەتمەدار یەکڕیزی گەلەکەیەتی لەبەر ئەوەی ئایینـدەی نەتەوەکەی پێویستی بەیەکڕیزی و یەکگرتوویی هەیە، بەڵام زۆر جار ئامانجی سیاسەتمەدار هەوڵدانە بۆ لێکترازان یان تێکدانی پەیوەندی نێوان دوو لا یان دوو هێزی سیاسیی، لەبەر ئەوەی لەسەر سندوقی دەنگدان پێویستی بەدەنگە و کۆکردنەوەی دەنگەکانیش پێویستی بەو شێوازە هەیە، لەلایەکی دیکە و لەقۆناغی بونیادنانی نەتەوەو دەستپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدا، سیاسەتمەدار هەموو ئامانجی ئەوەیە لەنێوان دووخولی هەڵبژاردنا چەند دەنگی زیادکردووە و چەند دەنگی زیاتری کەسبکردووە، بەڵام دەوڵەتمەدار ئامانجی ئەوەیە لەنێوان دووخولی هەڵبژاردندا دامەزراوە دەوڵەتییەکان کە بۆ بونیادنانی نەتەوە پێویستن چەند بەهێز بوون و چەند سەروەریی یاسا چەسپیوە چەند هەنگاوەکان بۆ بونیادی دیموکراتی بەرەو پێشەوە هەڵگیراون، دەوڵمەتدار لەبەر ئەوەی لەروانگەی بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوەوە سەیری ئایینەدە دەکات بڕیارەکانی سەخت و مرۆڤ دۆستە، ئەمەش نەك تەنیا لەروانگەی مرۆڤ دۆستی بۆ نەتەوەکەی خۆی، بەڵکو لەروانگەی رێزگرتن لەبنەماکانی مافی مرۆڤ، پێش هەمووان بۆ پێڕەوانی ئایینە جیاواز و نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتەکەی، پاشان بۆ رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەیەکی جیهانیدا.

## دەوڵەتمەدار و مامەڵەکردن لەگەڵ تەحددییەکاندا

سەرکردەی دەوڵەتمەدار لەقۆناغە ناسکەکانی مێژوو دەردەکەون، لەو قۆناغانەی نەتەوە پێویستی بەسەرۆکێکە کە ئۆباما وتەنی لەنێو ئاسمانی تەمومژ و بارانایدا خۆر ببینێت و نەتەوە بەرەو ئاسۆی سەرفرازی ئاراستە بکات، ئەو تەحددییانەی رووبەڕووی سەرکردەی دەوڵەمەتدار لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی نەتەوەدا دەبێتەوە، راستە بەشی زۆریان تەحددی دەرەکین، گەڵێك جاریش ناوخۆیین یان ناوخۆیی و دەرەکین پێکەوە، هەر بۆ نموونە جۆرج واشنتۆن کە لەئاهەنگی چا خواردنەوەی بۆستن بڕیارێکی قورس و سەختیدا بۆ ئەوەی بەگژ هەموو ئەو تەحددییانە بچێتەوە کە لەلایەن بەریتانیاوە بۆ سەر ئەمریکا هەبوو، ئەمە بەگژداچوونەوەی تەحددی دەرەکی بوو کەتوانی کۆماری ئازادی ئەمریکا رابگەیەنێت، بەڵام لنکۆڵن رووبەڕووی تەحددی ناوخۆیی بووە و قبوڵی نەکرد بەشێکی ئەمریکییەکان کۆیلەی بەشێکی ئەمریکییەکانی دیکە بن، هەربۆیە رایگەیاند (هەروەك چۆن قبووڵم نییە من کۆیلەبم، کەواتە من رەتیدەکەمەوە کە سەرداری هیچ کەسێك بم)، بەڵام ژەنراڵ دیگۆل لەسەر ئاستی دەرەکی و ناوخۆیی رووبەڕووی تەحددییەکان بۆوەوە توانی لەهەردووکیاندا سەرکەتوو بێت، یەکەمیان توانی بەهاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانان فەرەنسا لەدەستی نازی رزگار بکات، دووەمیشیان توانی بۆ رێکخستنەوەی ژیانی سیاسیی فەرەنساش کۆماری چوارەم بگۆڕێت بۆ کۆماری پێنجەم و هەتا ئێستاش فەرەنسا هەرکۆماری پێنجەمە، بەڵام گاندی تەنیا لەیەکێکیاندا سەرکەتوو بوو، کە بریتی بوو لەرزگارکردنی هیندستان لەژێر دەستی بەریتانیا، بەڵام دوای سەربەخۆیی نەیتوانی هیندستان بەیەکگرتووی بهێڵێتەوە و پاکستانی رۆژئاوا(پاکستانی ئێستا) و پاکستانی رۆژئاوا(بەنگلادیشی) ئێستای لێ جیابووەوە، هەر لەسەر ئەم ئاکامەش هیندۆسێك تیرۆری کرد، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە دەتوانین بەشێك لەسەرکردەکانی دەوڵەتانی

**بەڕێز مسعود بارزانی لەیەکەم وتاری دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی، وەك سەرکردەیەکی دەوڵەتمەدار سەیری ئایینـدەی نەتەوەکەی کردووە و لەیەکەم پەیامیدا بۆ خەڵکی راپەڕیووی کوردستان ئەوەبوو کە پێی راگەیاندن ئامانجمان ئەوەیە(دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین و هەڵبژاردن ئەنجامبدەین)**

رۆژهەڵاتی ئاسیا وەك سەرکردەی دەوڵەتمەدار پێناسە بکەین، بەتایبەتی وەك پارك چانگ و لی کوان یو و چانگ کای چیك، کە توانیان تاراددەیەکی زۆر ببنە نموونە بۆ هەموو جیهان، بەڵام ئەم دەوڵەتانەش لەبەراوردکردنیان لەنێوان هاوسەنگی بونیادنانەوەی وڵات و بونیادنانەوەی دیموکراتی، زیاتر لەقۆناغی بونیادنانەوە سەرکەتوو بوون، بەڵام لەبونیادی دیموکراتی بەو ئاستە سەرکەوتوو نەبوون، کەواتە ئەم باکگراوندە پێمان دەڵێت، ئەو تەحددیانەی رووبەڕووی سەرکردەی دەوڵەتمەدار دەبنەوە، کۆمەڵێك تەحددی

هەمەجۆرن لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەو سەرکردەی دەوڵەتمەدار بەتێپەڕاندنی ئەو قۆناغانە ناوی خۆی لەمێژووی نەتەوەکەیدا تۆمار دەکات.

### بایەخدان بەدامەزراوەی دەوڵەت وەك سیمایەکی سەرکردەی دەوڵەتمەدار

بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ گەل بۆ ئەوەی گەل سەرچاوەی هەموو شەرعیەتێك بێت، یەکێکە لەسیماکانی سەرکردەی دەوڵەتمەدار کە هەموو ئامانجی ئەوەیە ئاییندەی نەتەوەکەی ڕۆشن بێت، ئەگەر لێرەوە سەیری ڕەفتارەکانی بەڕێز مسعود بارزانی بکەین لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، دەبینین لەیەکەم وتاری دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی، وەك سەرکردەیەکی دەوڵەتمەدار سەیری ئاییندەی نەتەوەکەی کردووە و لەیەکەم پەیامیدا بۆ خەڵکی ڕاپەڕیووی کوردستان ئەوەبوو کە پێی ڕاگەیاندن ئامانجمان ئەوەیە(دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین و هەڵبژاردن ئەنجامبدەین)، ئەم دوو ئامانجە کە لەیەکەم پەیامیدا بەڕێز مسعود بارزانی بۆ گەلەکەی ڕاگەیاندووە، هەردووکیان لەڕوانگەی بەرژەوەندی ئاییندەی نەتەوەکەیەوە بووە نەك حزبەکەی، سەبارەت بەگرنگی سەرکردەی دەوڵەتمەدار پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر کریستۆفەر سی هێڵ ئوستادی زانستی سیاسەت و جێگری سەرۆکی بەشی حکومەت لەزانکۆی جۆرج تاون کرد و سەبارەت بەسەرکردەی دەوڵەتمەدار بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (بەبۆچوونی من سەرکردەی دەوڵەتمەدار ئەو سەرکردەیەیە بایەخ بەبونیادی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەدات، واتە خەم و بایەخی یەکەمی بۆ وڵاتەکەیەتی، بەڵام زۆرێك لەسەرکردە سیاسییەکان بایەخ و پرسی دیکە دەبێتە ڕێبەر و ڕێپیشاندەریان، ئەویش یان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە، یاخود بەرژەوەندی لایەنێك یان پارتێکە. لەکاتێکدا دەوڵەتمەدار ئەو سەرکردەیەیە دڵسۆزی و کارەکانی تەنیا و تەنیا لەپێناو بەرژەوەندی و ئاییندەی وڵاتەکەیدایە بەشێوەیەکی گشتی. هەربۆیە هەر نەتەوەیەك سەرکردەی دەوڵەتمەداری هەبێت، ئەوا نەتەوەیەکی خۆشبەخت و کامەران دەبێت لەئاییندەدا، بەڵام لەڕاستیدا نابێت هەمیشە پشت بەوە ببەستین کە هەموو سەرکردەی سیاسی دەبێتە دەوڵەتمەدار، ئەو وانە گرنگەی دەتوانین- بەلای کەمەوە لەئەزموونی ئەمریکاوە- فێری بین ئەوەیە، باوکانی دامەزرێنەر متمانەیان



ئەکبەر ئەحمەد بۆ گوڵان:

**سەرکردەی دەوڵەتمەدار هەوڵدەدات ژیان و کارەکانی لەچوارچێوەی تێروانینی مێژوویدا بێت، بایەخ و گرنگی بەوە دەدات مێژوو چۆن باسی دەکات، بەپێچەوانەوە سیاسەتمەدار تەنیا چاوی لەبەدەستهێنانی دەنگەکانە**

بەوە نەبووە هەموو سەرکردە سیاسییەکان ببنە دەوڵەتمەدار، هەربۆیە سیستمێکیان داڕشتووە بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارەکان بتوانن وەك دەوڵەتمەدار ڕەفتار بکەن، لەهەمان کاتدا بتوانێت کۆنترۆڵی ئەو سەرکردە سیاسییانە بکات کە بەرژەوەندە و کورت مەودایان هەیە. کەواتە لەکاتێکدا نەتەوە ناتوانێت پشت بەوە ببەستێت کە لەسەردەم و ڕۆژگارێکی دیاریکراودا دەوڵەتمەداری بۆ دروست دەبێت، ئەوا دەبێت پشت بەو دامەزراوانە ببەستێت کە نەتەوەکە دەپارێزن لەکاتی سەرهەڵنەدانی پیاوی دەوڵەتدا)).

ئەم قسانەی پرۆ فسیۆر هیل کە پێناسەیەکی دیاری سەرکردەی دەوڵەتمەدار بوو، ئاماژەیە بۆجۆری بیرکردنەوەی سەرکردەی دەوڵەتمەدار

**کاتێك سەرکردە بڕیارێك بۆ خەڵکێك دەدات، دەبێت ئەو خەڵکانە بەخەڵکی خۆی بزانێت، دەبێت میهرەبانی و پەرۆشی خۆی بۆ خەڵك پیشان بدات**

لەو ڕۆژگارانەی کە سیاسەتمەدارەکان بیر لەئامانج و بەرژەوەندی دیکە دەکەنەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ تێکرای سەرکردەکانی عێراق و ناوچەکە بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین ئەو سەرکردەیە بووە، کە ئاسۆی نەتەوەکەی لەبەهێزی دامەزراوەی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و یەکریزی و یەك ماڵی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بینیوەتەوە، دەربارەی بیرکردنەوەی فراوانی سەرکردەی دەوڵەمەتدار، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ئەکبەر ئەحمەد گەورە تۆژەی دیراساتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن کرد و دەربارەی ئەم لایەنە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی و وتی: (دەبێت سەرکردەی دەوڵەتمەدار ڕوئیایەکی بەرفراوانتری لەسیاسەتمەدارەکان هەبێت و خاوەنی لۆژیك بێت، هەروەها دەبێت بۆچوونەکانی تێکڕای بۆچوونی خەڵکی نەتەوەکەی لەخۆبگرێت، بەچاوپۆشین لەوەی دەوڵەمەندن یان هەژار، سەر بەخێڵێکی دیاریکراو یان خێڵێکی دیکە. دەبێت دەوڵەتمەدار هەوڵبدات ژیان و کارەکانی لەچوارچێوەی تێروانینی مێژوویدا بێت، مەبەستەکە ئەوەیە دەبێت دەوڵەتمەدار بایەخ و گرنگی بەوە بدات کە مێژوو چۆن باسی دەکات. بەپێچەوانەوە کەسی سیاسی چاوی لەبەدەستهێنانی دەنگەکانە، کە ڕەنگە لەم پێناوەدا کار بۆ دروستکردنی گرفت و کێشە لەنێوان دوولا یان دوو هێزدا بکات، کەواتە ئامانجی زۆر جیاواز لەیەکیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لەسیاسییەکان دەتوانن هەڵکشێن و ببنە دەوڵەتمەدار، ئەویش بەوەی ژیرتر بن، بەوەی بەچەشنێکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ پرس و بابەتە جیاوازەکاندا بکەن. ئەمەش پێویستی بەبڕیاری قورس و سەخت هەیە، بەڵام بڕیاری قورس و سەختی مرۆڤدۆستانە، لەبەر ئەوەی بەداخەوە زۆرێك لەسەرکردە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلامی بڕیاری سەخت دەدەن، بەڵام بڕیاری توندوتیژی و دڵڕەقانە و نامرۆڤانەیە. کەواتە کاتێك سەرکردە بڕیارێك بۆ خەڵکێك دەدات، دەبێت ئەو خەڵکانە بەخەڵکی خۆی بزانێت، دەبێت میهرەبانی و پەرۆشی خۆی بۆ خەڵك پیشان بدات، ئەگەر میهرەبانی و پەرۆشی خۆی بۆ خەڵك پیشان نەدات، ئەوا گیروگرفت بۆ خەڵکەکەی دروست دەکات، هەروەها گیروگرفت بۆ خۆشی دروست دەکات. کەواتە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ سەرکردەکان، بۆ نموونە ئێمە

دەبینیـــن خەڵك لەهەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەحەددای حكومڕانەكانیان دەكەن. دەبێت سەركردەكان لەو ڕاستیە تێبگەن ئەوان لەناو خەڵكەوە هاتوون، خەڵكیش سەرچاوەی هێز و ناسنامەی ئەوانە و دەبێت وەڵامدانەوەیان بۆ خواســـت و داواكاری خەڵكەكەی خۆیان هەبێت)).

**پێوەری سەركردەی دەوڵەتمەدار ئیرادەی بڕیاردانی قورسە**

ســـەركردەی دەوڵەتمەدار هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە وڵاتەكەی ببێتە دەوڵەتی یاســـا، واتە یاســـا حكومڕانی بكات نـــەك تاكە كەس، ئەم پەیامە بەڕێز مســـعود بارزانی لەدوای ڕاپەڕینی بەهـــاری ١٩٩١، واتە لەو كاتەی پێویست بوو گەلی كوردستان ڕێگە چارەیەك بۆخۆی دیاری بكات و بۆشـــایی ئیداری و سیاســـیی لەهەرێمی كوردســـتان پڕبكاتەوە، بەگەلەكـــەی ڕاگەیانـــد، ئەمـــەش مانای ئەوەیە بەڕێز مســـعود بارزانی لەگەڵ یەكەم هەنگاوی بۆبەڕێوەبردنی كوردســـتانی دوای ڕاپەڕین ئەوەبووە، كە دەبێت لەكوردستاندا یاسا حكومڕانی بكات و ســـەرۆكی وڵات لەژێر چەتری ســـەروەریی یاســـادا دەسەڵاتەكانی خۆی پیادە بـــكات و ســـەركردەی بەهێز و لێهاتووش ئەو ســـەركردەیە دەبێت كە بتوانێت وڵات بەرەو دەوڵەتی یاسا ئاراستە بكات، ئەم بەڵێنانەی بەڕێز مســـعود بارزانی كە ئێستا ســـەرۆكی هەڵبژێردراوی گەلی كوردستانە، لەكاتێكدا بووە كە هیچ كەس بەكۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە نەیزانیوە كوردستان بەرەو كام ئاڕاســـتە هەنگاو هەڵدەگرێت و تاچەند ئەم بڕیارەی بەڕێزیان دەبێتە هۆكاری ورووژاندنی تەحەددییـــە دەرەكی و ناخۆییەكان، بەڵام ئەم بڕیارە قـــورس بوێرانەیە بووە هۆكاری ئەوەی كە هەرێمی كوردســـتان هەنـــگاو بەهەنگاو بەئاراســـتەیەكدا بڕوات، كە بتوانین شانازی پێوە بكەین و پێی بڵێین ئاڕاستەیەكی ڕاستە، ســـەبارەت بە وەرگرتنی بڕیاری ســـەخت و قورس لەلایەن سەركردەی دەوڵەتمەدارەوە لەو ڕۆژگارە ناســـكانەی كە نازانین ئاراستەی بەرەوپێشـــەوەچوونەكان كام ئاڕاستە دەگرن، پرســـیارمان لەپرۆ فیســـۆر جاســـۆن كۆلبی ئوســـتادی مێـــژوو لەزانكـــۆی ڤیكتۆریا سەبارەت بەخەسڵەتی سەركردەی دەوڵەتمەدار بـــۆ بڕیاردانی قورس بەمجـــۆرە ڕای خۆی بـــۆ گوڵان دەربـــڕی و وتی: (ســـەركردەی دەوڵەتمەدار دەتوانێت تێڕوانینەكانی لەئاستی ناوچەیی و مەزهەبـــی باڵاتر و بەرزتر بێت، واتە خەڵكی پەیوەست بكاتەوە بەبەرژەوەندی



كریستۆفەر سی هیڵ بۆ گوڵان:

**بڕیاری سەخت و قورس ئاماژەیە بۆ بوونی سەركردەی بەهێز و چەند بڕیارەكانیش سەخت و قورستر بن زیاتر بوێری و لێهاتوویی سەركردەكان بۆ قوربانیدان لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوە تاقیدەكرێنەوە**

و ناســـنامەی نەتەوەییـــەوە. كەواتە بوونی سەركردەی دەوڵەتمەدار لەقۆناغی بونیادنانی نەتەوەدا بەڕاســـتی گرنگە بـــۆ پێكهێنانی یەكێتـــی نەتەوەیـــی لەبەرامبـــەر جیاوازیە ناوچەیـــی، تائیفیەكاندا، ئەمەش گرنگترین و پـــڕ تەحەددیترین لایەنی ســـەركردایەتیە، بەداخەوە لەزۆرێـــك لەنەتەوەكاندا ئەم لایەنی ســـەركردایەتی دەوڵەتمەداریـــە بوونی نییە. هەربۆیە من پێموایە بۆ ئەوەی ســـەركردەی دەوڵەتمەدار بەڕاستی ســـەركردەیەكی مەزن بێت، ئەوا دەبێت ئیـــرادە و ئامادەیی ئەوەی هەبێت سەركێشی بەژیانی سیاسی و تەنانەت ژیانی خۆشیەوە بكات لەپێناو دەركردنی ئەو بڕیارە ســـەخت و دژوارەدا كە پێیوایە باشترین دەرئەنجامـــی دەبێت بـــۆ ئاییندەی وڵاتەكە.

**باوكانی دامەزرێنەر متمانەیان بەوە نەبووە هەموو سەركردە سیاسییەكان ببنە دەوڵەتمەدار، هەربۆیە سیستمێكیان دارشتووە بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارەكان بتوانن وەك دەوڵەتمەدار رەفتار بكەن**

كەواتە ئەو ســـەركردە دەوڵەتمەدارەی بڕیاری ســـەخت نەدات، بەهیچ شێوەیەك سەركردەی دەوڵەتمەدار نییە).

ئەگەر لەم لایەنەوە بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەركردەیەكی دەوڵەتمەدار بەراورد بكەین و بپرســـین ئایا ئەم جۆرە بڕیارانە لەكەسێتی بەڕێزیانـــدا بوونی هەیـــە، بەجۆرێك هەموو بەرژەوەندییەكانـــی حزبەكـــەی و تەنانـــەت بوونی خۆشی خستوتە مەترسیەوە لەپێناوی ئاییـــندەی نەتەوەكـــەی؟ بێگومان مێژووی كەمتـــر لەچارەكە ســـەدەیەكی ڕابردوو دەیان بڕیاری ســـەخت و قورســـی ئەتۆی بەڕێز مســـعود بارزانی تۆماركـــردووە، كە لەزۆر ڕووەوە لەبڕیارە سەخت و قورسەكانی مستەفا بارزانی نەمر چووە، كە چۆن لەساڵی ١٩٧٤ هەموو شـــتێكی كرد بەقوربانی ناسنامەی كوردستانیەتی كەركوك، بەهەمان شێوە بەڕێز مسعود بارزانیش لەرۆژگاری زۆر سەخت و نائومێدیدا هەموو شـــتێك بەژیانی خۆشیەوە كردوویەتی بەقوربانی ئاییندەی كوردستان و ئازادی گەلی كوردســـتان، لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

١- لـــەدوای ئەنفالەكانی ســـاڵی ١٩٨٨ بەڕێز مســـعود بارزانی ئەو ســـەركردەیە بوو توانـــی بڕیـــاری ڕووبەڕووبوونـــەوە و درێژە پێدانـــی مقاوەمـــەت بدات، ســـەركردایەتی گەورەترین داســـتانی لەخواكـــورك كرد، ئەو داستانە لەو ڕۆژەدا بـــۆ ئاییندەی نەتەوەی كـــورد مانایەكی گەورەی هەبووە، لەكۆتایی ئـــەو داستانەشـــدا بەڕێز مســـعود بارزانی وەك یەكێك لەپێشـــمەرگەكانی ئەو داســـتانە مژدەی ئاییندەیەكی ڕووناكی بۆ گەلەكەی ڕاگەیاند.

٢- لەكۆڕەوی بەهـــاری ١٩٩١ دا، بەڕێز مســـعود بارزانـــی وەك ســـەرۆكی بەرەی كوردستانی لەناو كارەساتی كۆڕەودا بڕیاریدا نایێـــت جارێكـــی دیكە گەلی كوردســـتان ئـــاوارەی وڵاتان ببێتـــەوە، بۆیـــە بڕیاری بەرەنگاربوونـــەوەی دا، ئەو بەرەنگاربوونەوەی كە لەداستانی كۆڕێی لێ تۆمار كراوە و بووە هۆكارێك بۆ ئەوەی نەوای ئارام لەكوردستان لەســـەر زەوی نەك تەنیا ناوچەی دژە فڕین دابمەزرێت، ئێستاش ئەو شوێنە بۆتە هێمایەك بۆ بەرخودان و مقاوەمەت و بۆتە سەیرانگایەك بۆ نەوەكانی ئێستا و داهاتوو.

٣- لەسەروبەندی پرۆسەی ئازادی عێراق و ئەگەرەكانـــی چۆنیەتـــی دەســـتپێكردنی پرۆســـەكە و مەترســـی و نیگەرانیەكانـــی دەوڵەتانی دراوســـێ لەئاكامی پرۆسەكە و

ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، هەرێمی کوردستان کەوتە بەردەم هەڕەشەی تورکیا، بەڕێز مسعود بارزانی بەهەموو جیهانی راگەیاند سوپای تورکیا دەبێت بەسەر لاشەی ئێمەدا بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، ئەم بڕیارە هێندە سەخت و بوێرانە بوو، کە نەك هەر لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جێگەی سەرسوڕمان بوو، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆش زۆر لەسیاسەتمەدارەکان پێیانوابوو ئەمە یاریکردنە بەئاگر، بەڵام ئەم بڕیارە قورسەی بەڕێز مسعود بارزانی نەك نەبووە هۆکاری مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو جیهانی ناچار کرد جارێکی بەدەستی خۆی ئاگری نەورۆزی لەسەر قەڵای هەولێر کردەوە، ئایا تەنیا ئاسمانی کوردستان تەمومژ و باراناوی بوو یان هەموو ئاسمانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

ئەمە چەند بڕیارێکی کەمی بەڕێز مسعود بارزانی بوو کە لەرۆژگاری زۆر ناسك و مەترسیداردا، وازی لەهەموو شتێك هێناوە لەپێناوی ئایندەی نەتەوەکەی، بەلام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمانە پێکەوە چی دەگەیەنن؟ ئەم پرسیارەمان رووبەڕووی پرۆفیسۆر راندڵ بندێتد وۆڵ ئوستادی زانستی ئاستی پارێزگا و هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا و تاد، سەرکردەی لاواز ناتوانێت ئەم کارانە بکات. هەروەها ئەمە پێویستی بەڕێزگرتن لەسەروەری یاسا دەکات. هەروەها دەبێت متمانە بونیادبنرێت لەگەڵ خەڵکەکەدا، کە مەبەست لێی مامەڵەکردنە لەگەڵ خەڵکدا بەیەکسانی و دادپەروەرانە، کە بۆ هەموو ئەمانە دەبێت سەرکردەی بەهێزت هەبێت)).

ئەوەی پرۆفیسۆر راندڵ ئاماژەی پێدەکات، راشکاوانە مانای ئەوەیە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە یان بونیادی دامەزراوەکانی دەوڵەت، پێویستی بەسەرۆکێکی بەهێزە کە بتوانێت رووبەڕووی



دیکە بەسیاسەتی خۆیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان بچنەوە، لەمەش گرنگتر هاوکات لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی ئازادی عێراق، ئێوارەی ٢٠٠٣/٣/٢٠ بەڕێز مسعود بارزانی بەدەستی خۆی ئاگری نەورۆزی لەسەر قەڵای دێرینی هەولێر کردەوە، ئەم هەڵوێستەی بەڕێز مسعود بارزانی تەنیا دەکرێت بەو شێوە وەسف بکرێت کەئەمریکیەکان وەسفی باوکانی دامەزرێنەرانی خۆیانی پێدەکەن و دەڵێن: (باوکانی دامەزرێنەرانمان ئەو سەرکردانەن کە لەنێو ئاسمانی تەمومژ و باراناویدا بۆ ئایندەی ئەمریکا بڕیاری سەخت و بوێرانەیان داوە)، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێوارەی ٢٠٠٣/٣/٢٠ کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی مێژووی ئەفرۆ ئەمریکا و مێژووی دیپلۆماتیەتی ئەمریکا لەزانکۆی ئەرکانساس کردەوەو لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (سەرکردەی دەوڵەتمەدار کە بیەوێت سەرکردەی بونیادی نەتەوەی خۆی بێت، نابێت بەتەنیا کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی بێت، بەڵکو دەبێت سەرکردەیەکی بەهێز بێت بۆ تەحددییە ناوخۆییەکانیش، من پێموایە سەرکردەی لاواز ناتوانێت ببێتە سەرکردەی دەوڵەتمەدار بۆ بونیادی نەتەوە، لەبەر ئەوەی مەحاڵە سەرکردەی لاواز بڕیاری سەختی پێبدرێت، وەك پابەندبوون بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیەوە، بڕیاری پێدانی هێز و دەسەڵاتی زیاتر بەخەڵکە مەحەلیەکە، یان بەخەڵك لەسەر تەحددییەکان بێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر پراپۆدیڤ کۆنانا ئوستادی کارگێڕی و زانیارییەکان لەزانکۆی تەکساس بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و بەگوڵانی ڕاگەیاند:(سەرکردەی دەوڵەتمەدار ئەو سەرکردانەن لەسەر بناغەی تێڕوانین بۆ ئاییندەو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە بڕیاری قورس دەدەن، هەروەها ئەگەرچی کاتێك ئەم بڕیارانە دەدەن ڕووبەڕووی سەختی و بەرهەڵستی دەبنەوە، بەڵام سەرکردەی دەوڵەتمەدار ئەو کەسە مەزنەیە کە دەتوانێت گوزارشت لەتێڕوانین و ئیختیاراتی سەخت بکات و مل بۆ فشاری بەرژەوەندییە تایبەتییەکان کەچ ناکات.


سەرکردە دەوڵەتمەدارەکان چەقبەستووی دەستی ئایدلۆژیـــا نین لەمامەڵەکردن لەگەڵ پرس و بابەتەکاندا، بەڵکو لەمەسەلە بنەڕەتییەکانی وەك مافەکانـــی مـــرۆڤ و ئازادییەکانـــدا دوور دەبن لەکاریگــەری ئایدۆلۆژیەوە. هەر بۆنموونە گاندی وەك دەوڵەتمەدارێك توانیی تێڕوانینەکەی خۆی پیادە بکات، کە بریتی بوو لەناتوندوتیژی، لەکاتێکدا پێدەچوو پەنابردن بۆ توندوتیژی ڕێگەچارەیەکی ئاسان بێت، بەڵام ســەرکردەی دەوڵەتمەدار «ڕوئیا»ی هەیە و ئەو ڕێگەچارەیە دەگرێتەبەر کە لەبەرژەوەندی وڵاتەکــەدا بێــت. لەهەمان کاتــدا توانای قەناعەتپێهێنان و گوزارشتکردنیان لەتێڕوانیان ئەمــە لەپرۆســەی بونیادنانی نەتــەوە یان دیموکراسیەکی پێگەیشــتوودا بێت، ئەمانە باون و ڕوودەدەن. هەمان شت بەسەر ئەمریکا، بەریتانیا یاخــود هیندستانیشــدا جێبەجێ دەبێت)).

### سەرکردەی دەوڵەتمەدار و چاکسازی و دادپەروەریی

ســەرکردەی دەوڵەتمــەدار بــڕوای بەوەیە دەســەڵات هی گەلەو بۆ گەلــەو لەپێناوی گەلیشــدایە، بۆیــە هەمــوو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و سەروەریی یاســا بونیاد بنێت و کاتێك هەســت دەکات هاووڵاتیان هەســت بە نادادپــەروەری دەکەن لەگرنگتریــن بناغەکانی هەر کۆمەڵگەیەك. بۆیە دەبێت حکومڕانەکانی وڵاتانی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی جەخت لەسەر دادپەروەری بکەنەوە، کە لەگەڵ دادپەروەریدا پەرۆشــی دێت، لەگەڵ پەرۆشیشــدا تێگەیشتن دروست دەبێت، بەو شــێوەیە دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی پێکەوەگونجاو دروست بکرێت. کەواتە چونکە لەئێستادا لەجیهانی ئیسلامیدا دادپەروەریەکی کەم هەیە. ئەوا گرفت و نائارامی و نائاسودەیی و پشــێویەکی زۆر هەیە. لەبــەر ئەوە دەبێت دووبارە بنەماکانی دادپــەروەری بخرێنەروو، چونکە کاتێك دادپەروەری هەبوو، ئەوا یاسا و نیزامیش دەبێت، هەروەها ئەگەر دادپەروەری



بۆ هاووڵاتیان هەیە. بێ گوزارشــتکردن لەو ڕوئیای ســەرکردەی دەوڵەتمەدار هیچ شتێك ڕوونــادات. زۆرێك لە سیاســییەکان پیاوی دەوڵەت نین و بڕیارەکانیشیان زیاتر پەیوەستە بەبردنــەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو. ئەمە لەهــەر وڵاتێکــی دیموکراتیــدا ڕوودەدات. هەروەهــا لەئەمریکاشــدا ڕوودەدات. بــۆ نموونە، کۆنگرێسمانێکی کۆماری پێشنیاری پێداچوونــەوەی بەسیســتمی چاودێــری تەندروستی کرد لەپێناو چاککردن و گۆڕینی سیســتمەکە بۆ هاووڵاتیان، بــەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت ئەمە دەبێتەهۆی لەدەستدانی دەنگ. سیاســییەکان لەبــری ئەنجامدانی گۆڕانــکاری، پاشەکشــەی لێدەکــەن. جا بڕیاری سەختی چاکســازی و گۆڕانکاری دەدات و ئەمەش بەبناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانێت، پرۆفیسۆر ئەکبەر ئەحمەد لەدرێژەی لێدوانەکە بۆ گوڵان بەمجۆرە لەســەر ئەم دوو پرسە هەڵوەستەی کردو پێی وتین: (گرنگترین بنەما بۆ هەر دەوڵەتێکــی نەتەوەیی بریتییە لەســەروەری یاســا، بوونی دادپەروەریی بۆ بەرێوەچوونــی دەوڵەتی مۆدێرن زۆر گرنگە، ئەگەر لەئەمریــکا و بەریتانیا بڕوانین، ئەوا دابینکردنــی دادپەروەریی بــۆ خەڵکەکەیان، بۆتە ئەولەویەتــی یەکەمی حکومەتەکانیان. ئێمە لەجیهانی ئیسلامیدا ئەوەمان لەبیرچووە کە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ)، جەختی لەسەر یاســا کردۆتەوە. کەواتە دادپەروەری یەکێکە هەبوو، ئەوا خەڵکێکی ئاسوودەت دەبێت، ئەگەر دادپەروەری هەبوو، ئەوا دەوڵەت- نەتەوەیەکی سەقامگیرت دەبێت. هەربۆیە، دەبێت بەخێرایی لەو ڕاســتیە تێبگەن کە پێویســتە بەخێرایی بونیادی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو، بونیادێکی ســەرکەوتووی قەزائی، بونیادێکی حکومی ســەرکەوتوو دروســت بکەن، لەهەمووشــی گرنگتر بوونی سیســتمێك کە بــەدوور بێت لەگەندەڵی و مەحســوبیەت، ئەگەر گەندەڵی و مەحسوبیەت لەئارادابێت، ئەوا دادپەروەریی بوونی نابێــت، هەروەها ئاســودەییش بوونی نابێت. کەواتە دەبێت کۆمەڵگە نوێیەکان لەسەر ئەساسی بنەماکانی دادپەروەریی، پەرۆشی و پێکەوەگونجاوی بونیاد بنرێن. هەموو ئەمەش



پراپۆدیڤ کۆنانا بۆ گوڵان:

**سەرکردەی دەوڵەتمەدار ئەو کەسە مەزنەیە کە دەتوانێت گوزارشت لەتێڕوانین و ئیختیاراتی سەخت بکات و مل بۆ فشاری بەرژەوەندیە تایبەتیەکان کەچ ناکات، چەقبەستوویی دەستی ئایدلۆژیا نەبێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ پرس و بابەتەکاندا**



جاسۆن کۆلبی بۆ گوڵان:

**دەوڵەتمەدار دەتوانێت تێڕوانینەکانی لەئاستی ناوچەیی باڵاتر و بەرزتر بێت، خەڵکی پەیوەست بکاتەوە بە بەرژەوەندی و ناسنامەی نەتەوەییەوە، لەقۆناغی بونیادنانی نەتەوەدا دەوڵەتمەدار بۆ پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی زۆر گرنگە**

بەوە دەکرێت سیستمێکی سەرکەوتووت هەبێت، کە ئیدارەیەکی باش و سەرکەتووی هەبێت، دەزگایەکی قەزائی سەرکەوتو و سیستمی پەروەردەی سەرکەوتوویی هەبێت، لەهەمووشی گرنگتر یاسا و نیزام هەبێت، من پێم خۆشە ئەم قسانەشم بکەنە بەشێك لەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ گۆڤارەکەتان ئەنجامم داوە، کە دەمەوێت باس لەنموونەیەك لەجیهانی ئیسلامی بکەم، کە یەکێکە لەمەزنترین حکومڕانەکانە بەدرێژایی مێژوو، ئەویش بریتییە لەسوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی، کە سەرکردەیەکی مەزنی جیهانی ئیسلامی و سەرکردەیەکی مەزنی تەواوی ئینسانیەت بوو، یەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی حکومڕانیەکەی ئەوەبوو دادپەروەرانە حکومڕانی دەکرد. هەروەها خەڵکەکە، جولەکە بوونایە یان مەسیحی یاخود موسڵمان، ئەوا تەقدیری حکومڕانیەکەیان دەکرد، ئەوەندە ڕێزلێگیراوبوو کە باپیرم ناوی باوکمی نا محەمەد سەلاحەددین ئەحمەد، باوکیشم منی ناونا ئەکبەر سەلاحەددین ئەحمەد، ئەویش وەك شانازیەك بەو دەستکەوتانەی لەسەر دەستی سەلاحەددین هاتنەدی، کەواتە ئێمە دەمانەوێت ئەو بنەمایانە، دادپەروەری، پەرۆشی، ڕەوایەتی کە سەلاحەددین بۆ تێکڕای ئینسانیەت نوێنەرایەتی دەکرد بەسەر دەوڵەتە هاوچەرخەکانی ئێستادا جێبەجێ بکرێت. تکایە بەخوێنەرانتان بڵێن من ئومێدی بەختەوەری، گەشەکردن و خۆشبەختیان لەئاییندەدا بۆ دەخوازم)).

پرۆفیسۆر ئەکبەر ئەحمەد زیاتر قسەکانی ئاراستە بوون بۆ گەلانی جیهانی ئیسلامی، بۆیە هەر هەمان پرسمان لەگەڵ پرۆفیسۆر کریستۆڤەر هیل وتوویژ کرد و سەبارەت بەم لایەنە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەلای منەوە بوونی بڕیاری سەخت ئاماژەیە بە بەهێزی سەرکردەیەکی دیاریکراو، لەهەر هەل و مەرجێکدا کە پێویستە سەرکردەکانمان بڕیارگەلێك لەبەرژەوەندی خەڵکەکە بدەن، هەروەها تاوەکو ئەو بڕیارانە سەختتر بن، ئەوا زیاتر ئەو سەرکردانە تاقیدەکرێنەوە. کەواتە چۆنیەتی دەرکردنی ئەو بڕیارە سەختانە پێوەرێکی باشە، هەروەها بۆ زانینی ئەوەی تا چ ڕاددەیەك ئەو سەرکردانە بوێریان هەیە و گیانی فیداکاریان و قوربانیدانیان هەیە، ئەویش لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەیدا. لەلایەکی دیکەش من پێموایە ئەگەر نەتەوەیەك دەیەوێت وەك قەوارەیەك بوونی هەبێت، ئەوا دەبێت نەتەوەی یاساکان بێت نەك کەسەکان، لەبەر ئەوەی لەمەودای دووردا خەڵکی پەرۆشدەبن بۆ ئەوەی ئازاد بن، کە لەئەنجامدا چاو لەعەدالەت و شەفافیەت دەبڕن لەهەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومەتدا، ئەگەر ئەمەشیان بۆ بڕەخسێت، ئەوا دەبێت توانای ئەوەیان هەبێت ئەو سەرکردانە هەڵبژێرن، هەروەها توانای ئەوەیان هەبێت ئەو سەرکردانە والێبکەن یاسا و ڕێسا بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی حکومەت دابنێن، کەواتە من باوەڕم وایە سەروەریی یاسا زۆر گرنگە، بەڵام ئەمەش کاتی دەوێت، واتە بەتێپەڕبوونی کات کەسە چالاکەکان لەڕووی سیاسییەوە دەتوانن لەپارتی سیاسی کارا و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی دیکەدا خۆیان ڕێکبخەن، کە دەتوانن لەبری ئەوان داکۆکی لەبەرژەوەندیەکانیان بکەن. هەروەها بەتێپەڕبوونی کات ئەو ڕۆژنامەنووسانە دروست دەبن کە پێویستیان بەئازادی و بەسەلامەتی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن مەوزوعیانە باس لەشکست و سەرکەوتنی پرۆسەکە، ئابووری وڵاتەکە و کۆمەڵگەکە بکەن، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەوەندەی مومکینە ئەم کارە بەڕەوتێکی خێرا ئەنجام بدەین، ئەوا پێویستمان بەکۆمەڵگەیەکە بوار بە مشتومڕ و بۆچوونی جیاواز بدات، بوار بەو خەڵکانە بدات حکومڕانی بکەن کە هاوڕانییە لەگەڵیاندا. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەیە کە سەرکەوتوو دەبێت، نەك تەنیا لەپێکهێنانی حکومەتێکدا کە دەتوانێت بەباشی نوێنەرایەتیان بکات، بەڵکو سەرکەوتوو دەبێت لەکارکردن و لەپێکەوەژیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە).

**سەرکردەی دەوڵەتمەدار «ڕوئیا»ی هەیە و ئەو ڕێگەچارەیە دەگرێتەبەر کە لەبەرژەوەندی وڵاتەکەدا بێت**

**ئەو سەرکردە دەوڵەتمەدارەی بڕیاری سەخت نەدات. بەهیچ شێوەیەك سەرکردەی دەوڵەتمەدار نییە**



# توركیا..

# بەگەڕانەوە بۆ رابردوو، رێگەی ئاییندەی گرتۆتەبەر!



عەبدولڕەحمان سدیق

هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەی تورکیا لەسەر ئاستە جیاجیاکاندا، زۆر رەهەند لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت ئاماژەیەکی خێرا بەهەندێکیان بکەین:

**یەکەم: لەسەر ئاستی ناوخۆی پارتیی دادو گەشەپێدان**

لەسەر ئاستی ناوخۆدا، لەوانەیە چوارساڵی داهاتوو بۆ پارتیی دادو گەشەپێدان چارەنووسساز بێت، چونکە دەنگدەران چاوەڕوانیی زیاتر و باشتر دەکەن لەو پارتەی کە توانیی تورکیا بەرێتە ئاستێکی زۆر باشیی ئابووریی بەتایبەتی و ئاستێکی باشی سیاسیی و دیپلۆماسییش بەگشتیی، لەناوچەکەو جیهاندا.

ئەردۆگانیش ئەمجارە لەوانەیە خێراتر هەنگاو بنێت بۆئامانجەکانی، چونکە ئەمە دواجارێتی وەك سەرۆك وەزیران، لەبەرئەوەی پەیڕەو و پرۆگرامیی حزبەکەی رێگەی ناداتێ دوای سێ جاری لەسەر یەك ببێتە سەرۆك وەزیران. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم سەرکەوتنە نوێیەی پارتیی دادو گەشەپێدان بەرجەستەکردنێکی ئەو گوتەزایە دەبێت کەدەڵێت: لەوانەیە سەرکەوتن ئاسان بەدەست بێت و بتگەیەنێتە لوتکە، بەڵام مانەوە لەلوتکەدا بۆ ماوەیەکی دی زۆر قورس و گرانە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێویستە پارتیی دادو گەشەپێدان لەئێستاوە بتوانێت جێگرەوەیەکی بەهێز بۆ ئەردۆگان ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەتایبەت دروشمی سەرەکی هەڵمەتی پارتی دادو گەشەپێدان لەهەڵبژاردنەکاندا، ئاماژە کردن بوو بە ساڵی (٢٠٢٣)واتە یادی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا، کە دادو گەشەپێدان لەئێستاوە وادیارە خۆی بۆ ئامادە دەکات!

**دووەم: دراوسێکانی تورکیا**

لەسەر ئاستی دەرەکی، ئەرکی دادو گەشەپێدان زیاتر دەبێت، بەتایبەت کە ئەردۆگان گوتی: ئەم سەرکەوتنەمان سەرکەوتنە بۆ بەیروت و شام و لیبیاو غەززە و..تاد، ئەمەش مانای داکشانی تورکیایە زیاتر بەرەو باشوور نەك هەڵکشان بەرەو باکوور، بۆیە واچاوەڕوان دەکرێت کە تورکیا قسەی بەپێز و کردەوەی بەهێزی ببێت لە عێراق و سوریا و لوبنان و لیبیا و میسر و تونس و دەوڵەتانی کەنداو، بەتایبەت کە تورکیای کۆن، ئەزموون و شارەزایی پێنج سەدە زیاتری هەیە لەحوکمڕانیکردنی ناوچەکەدا.

سەبارەت بەپێوەندیی لەگەڵ ئێرانیشدا واچاوەڕوان دەکرێت ساردیی تێبکەوێت بەهۆی جیاوازیی هەڵوێستی هەردوولا لە مەسەلەی سوریا، چونکە ئێران پشتگیریی لە رژێمی سوریا دەکات، بەڵام تورکیا پشتگیریی لەگەلی سوریا دەکات.

سەبارەت بەعێراق و هەرێمی کوردستانیش واچاوەڕوان دەکرێت قەوارەی وەبەرهێنان روو لەزیاد بوون بکات و کێشەی بەشە ئاوی عێراقیش لە هەردوو رووباری دیجلە و فورات بێتە گۆڕێ.

هەرچی هەرێمی کوردستانیشە بەهۆی ئەو ئەزموونەی کەهەیەتی، ئەوا رۆڵی بەهێزتر دەبێت بەتایبەت لەچارەسەرکردنی زۆرێك لەکێشەکانی ئاییندەی نێوان تورکیا و نوێنەرانی کورد لەتورکیا.

**سێیەم: یەکێتی ئەوروپا**

لەوە دەچێت زۆرێك لەوڵاتانی ئەوروپا هێشتا قەناعەتییان بەئەندامێتی تورکیا نەهاتبێت بۆ هاتنە نێو یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەت کە سارکۆزیی تەنیا پیرۆزبایی لەئەردۆگان



کرد بێ باسکردنی هیچ ئاماژەیەك سەبارەت بەیەکێتی ئەوروپا، لەلایەکی دیکەشەوە کێشە ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەوروپا بەگشتیی و یۆنانی نزیك لەتورکیا بەتایبەتی، ئەو راستییە دەسەلمێنن کەتورکیاش بەکردەوە کەمتر بایەخ بەئەندامبوون بدات لەیەکێتی ئەوروپادا، بەتایبەت کەتورکیا ئێستا گەشەی ئابووریی گەیشتۆتە (٩٪)، هەرچەندە بۆ ترساندنی دامەزراوەکانی سوپا لەوانەیە مەسەلەی بەئەندامبوون لەیەکێتی ئەوروپادا وەکو دروشم بهێڵێتەوە، لەم بارودۆخە نوێیەشدا پێدەچێت لەرێگەی کارکردن لەسەر دۆسیەی ناوچەکانی دەوروبەری، زیاتر کاریگەری خۆی بخاتە روو.

**چوارەم: ئەمریکا**

(ئۆباما) لەدوای پیرۆزبایی ئاماژەی بە (شەریکایەتیی بەنرخ)کرد لەنێوان ئەمریکاو تورکیادا لەبواری کێشەکانی ناوچەکەدا، بەتایبەت ئەمریکا دەیەوێت ئیسلامییە میانڕەوەکانی میسر و تونس و یەمەن و سوریاو لیبیا زیاتر میانەڕەوتر بن و سوود لەئەزموونی دادو گەشەپێدانی تورکیا وەربگرن، وەك قەوارەیەکی سوننی مەزهەب لەگەڵ تورکیادا لەڕووی جووڵەی ئێران و هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا بوەستن.

**پێنجەم: کورد**

سەبارەت بەنوێنەرانی کوردیش گرنگ ئەوەیە پەیڕەوی سیاسەتی (یان هەمووم دەوێت یان هیچ) نەکەن، چونکە لەبەر هەستیاریی بارودۆخەکە دیارە زەحمەتە هەموو داوایەکی کورد بەیەکجار بێنە دی، بۆیە گۆڕانکارییەکی جۆریی لەدەستووری تورکیادا با کەمیش بێت، بەئاراستەی هەندێك لەمافەکانی کورد و جێگیرکردنیان لەدەستووردا، باشترە لەمانەوەی ئەو دەستوورە بەم شێوەیەی ئێستای.

ئەمە جگە لەوەی پێویستە ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە لەبواری پەرلەمانیدا گوتەزایەك هەیە دەڵێت: ژمارەی ئەو کورسییانەی کەلەپەرلەماندا هەتە، وەك ئەو بڕە پارەیە وایە کەهی تۆیە، گرنگی پارەش لەوەدایە جوان مامەڵەی پێبکەیت و بەشەریکیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا زیاتری بکەیت بۆ ئەوەی شتی زیاتری پێبێت.

کەواتە پێشکەوتنی دۆزی کورد لەتورکیا یان دواکەوتنی یان مانەوەی لەشوێنی خۆی، دەوەستێتە سەر زیرەکیی گەمەکاری کورد لەگەمە سیاسییەکان و شارەزایی لە دیپلۆماسییەت و پێوەندییە دەرەکییەکان و روونیی داواکارییەکان و یەکگرتوویی هەتاسەریی کوتلەی کوردیی و دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

**شەشەم: میدیای ئازاد**


لەم رۆژانەدا زۆرێك لەدامەزراوەکانی ئەوروپا رەخنەی توند ئاراستەی دادو گەشەپێدان دەکەن سەبارەت بەیاسای ساڵی (٢٠٠٧)لەبارەی کۆنترۆڵکردنی ئینتەرنێت و دەزگاکانی میدیاو ئازادیی رۆژنامەگەرییەوە، کەئەم بوارەش زۆر جێگەی بایەخپێدانی وڵاتانی رۆژئاوایە، پێدەچێت لەئاییندەدا لەم دەروازەیەوە کێشە بۆ پارتی دادو گەشەپێدان دروست بێت.

**حەوتەم: دەستوور**

مەسەلەی گۆڕین یان هەموارکردنەوەی دەستووریش، کارێکی ئاسان نابێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەگرفتی سەرەکی دەستوور لەتورکیادا ئەوەیە کە لەسایەی حوکم و فەرمارڕەوایی سەربازیی و عەسکەردا نووسراوەتەوەو لەوانەیە گۆڕانکاریی ریشەیی بوێت، بۆیە دەستووری تورکیا لە ناوخۆ و دەرەوەدا لەئاستی بەڵێنەکانی پارتی دادوگەشەپێدان و داخوازییەکانی کورد، خواستەکانی سەردەم و گۆڕانکارییە جیهانییەکان و داواکارییەکانی یەکێتی ئەوروپادا نییە.

دیارە کەئەم کارەش تەنیا بەپارتی دادو گەشەپێدان ناکرێت، چونکە ژمارەی کورسییەکانی لەئاستی پێویستدا نین بۆ ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە، بۆیە هەردەبێت پەنا بۆ کوردو حزبەکانی دیکە ببات، لەم حاڵەتەشدا ئەو لایەنانە داواکاریی زۆر و گەورەیان دەبێت، چونکە لەبەر زۆر هۆکاری ئایدیۆلۆژیی و کەلتووری و ئیتنی، رازیکردنی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیی لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە زەحمەت و گران دەبێت، بەتایبەت هێشتا گومانەکانی دەزگاکانی سوپاو قەزا سەبارەت بەهەنگاوەکانی ئایندەی پارتی دادو گەشەپێدان لەمەڕ زۆرێك لەپرسەکان هەرماون، هەرچەندە ئەردۆگان بەڵێنی ئەوەیشی دا کەدەستووری ئاییندە، دەستووری ئاشتیی و دەستووری کورد و تورك و عەلەوی و گشت کەمینەکانی دیکەش بێت.




هەرێمی کوردستان
سەرۆک

إقليم كوردستان
الرئيس

بڕیار
ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠١١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو، بڕیارماندا [illegible] پەیوەندیدارەکان هەڵسن بە :

١. پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستانەی (مساطحة) کە ماوەی یاسایی دەستبەکاربوونیان بەپێی گرێبەستەکە بەسەرچووە و دەست پێنەکراوە.
٢. ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی لەو گرێبەستانەی (مساطحة) کە دەستیان پێکراوە [illegible] یاسایی بەپێی گرێبەستەکە تەواو نەکراون.
٣. لێپێچینەوە لەگەڵ لایەنی ئەو گرێبەستانەی (مساطحة) کە بە شێوەیەک ئەنجامدراون کە جۆری پرۆژەکە لەگەڵ ناوەرۆکی گرێبەستەکەدا ناگونجێت.
٤. ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر
٢٠١١/٥/٥

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی پرۆسە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە بەڕێزیان لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵ ڕایگەیاند، چەندین لیژنەی تایبەتی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا بۆ ئەوەی بەدواداچوون لەسەر هەموو لایەنەکانی پرۆسە چاکسازییە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە چەندین بڕیاری گرنگ دەرکران بۆ ئەوەی دەست بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بکرێت، یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە پرۆسەی چاکسازییەکەی هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخ بووە، مەسەلەی دووبارە چاوخشاندنەوە بووە بەو زەوییانەی کە بەشێوەی موساتەحە دراون، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواچوونی ئەم لایەنە بڕیاری ژمارە ٧ی دەرکرد کە ئەم ٣ خاڵە گرنگەی لەخۆ گرتووە:

١-پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستانەی (موساتەحە) کە ماوەی یاسایی دەستبەکاربوونیان بەپێی گرێبەستەکە بەسەرچووە دەستیان پێنەکراوە.

٢- ئەنجامدانی ڕێککاری یاسایی لەو گرێبەستانەی (موساتەحە) کە دەستیان پێکراوە و لەماوەی یاسایی بەپێی گرێبەستەکە تەواو نەکراون.

٣- لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو لایەنەی ئەو گرێبەستانەی (موساتەحە) کە بەشێوەیەك ئەنجامدراون کە جۆری پرۆژەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی گرێبەستەکە ناگونجێت.

## قۆناغی یەکەم

سەبارەت بەم سێ خاڵەی بڕیاری ژمارە ٧ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەندازیار سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بە قۆناغی یەکەم و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بڕیارە تا ڕۆژی ٢٠١١/٦/١٩ بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (ئێمە وەك وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەرنامەی ئەم هەنگاوەی ئێستامان هەبووە، بەڵام تا بڕیاری جەنابی سەرۆك ڕانەگەیەنرا نەمانتوانی بەو بوێری و هیمەتەوە جێبەجێی بکەین، ئێستا بڕیارەکەی جەنابیان پشت و پەنایە بۆ ئەوەی لێی ڕانەوەستین و بەردەوام بین لەسەری، بە پشتیوانی بەڕێزیان پشت قایمین، پاش ئەوەی جەنابی سەرۆك بە بڕیارێکی فەرمی زەوی موساتەحەو کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ڕاگرت بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکرێت و چاکسازیش لە گشت ئەو پڕۆژانە ئەنجام بدرێن کە تا ئێستا کراون، ئێمە وەك وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار فەرمانێکمان ئاراستەی هەرسێ شارەوانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کرد بۆ ئەوەی هەموو ئەو زەویانەی بە موساتەحە دراون جەرد بکرێن، ئەوجا وەك لەبڕیارەکەی جەنابی سەرۆکی کوردستانیشدا هاتووە، موساتەحەکان بەچەند جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، هەیە وەرگیراوە هیچ کارێکی لەسەر نەکراوە، بێگومان ئەمانە دەست بەجێ گرێبەستەکانمان هەڵوەشاندونەتەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی بەدەستم گەیشتوون لە شارەوانی هەولێر ١٥ گرێبەست هەڵوەشێنراونەتەوە، بە ڕووبەری ٢٠٨،١١٨ هەزار مەتر دووجا، لەسەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ٢٤ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووبەری ٧،٢٢٧،٠٦١ مەتر دووجا، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر٩٢ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووبەری ١٤٩،٥٢١مەتر دووجا لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ١٥ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووبەری ٩٣١٢ مەتر دووجا، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی ١٣ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووبەری ١٧٨٦٣ مەتر دووجا، لەسەرۆکایەتی شارەوانی دهۆك ٢٦ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووبەری ٣٠٩٦٩مەتر دووجا، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی دهۆك ٢٣ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووبەری ٤٠،٩١٦ مەتر دوجا، لەدەستەی گشتی ئیفرازی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بە تێکڕا ١٩ گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە کە دەکاتە ٩٠٥دۆنم و ٥٥ ئۆلك، کۆی گشتی دەکاتە ٢٣٦ گرێبەست تا ئێستا هەڵوەشاونەتەوە و چەندین گرێبەستی تریش لەژێر لێکۆڵینەوەدان، دواتر چارەنووسی ئەوانیش ڕادەگەیەنرێن)).

## ساڵ بەساڵ

### زەوی ناو ماستەر پلان دەکوژێنرێتەوە

دارشتنی ماستەر پلان بۆ شارەکانی کوردستان، نەخشەی ڕێگەیە بۆ چۆنیەتی فراوانبوونی شارەکان لەماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوودا، کەواتە ئەو زەویانەی کە دەکەونە ناو ماستەر پلانەکە پێویست نییە هەر لەسەرەتاوە بکوژێنرێنەوە، بەڵکو پێویستە بەپێی بەرنامەیەك بێت و ساڵ بەساڵ بەپێی ئاستی فراوانبوونی شارەکان و پێداویستی بۆ پرۆژەکان ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە بکوژێنرێنەوە، سەبارەت بەو زەوییە کشتوکاڵیانەی لەچوارچێوەی پرۆسە

## ئاماری ئەو گرێبەستانەی هەتا ڕۆژی ٢٠١١/٦/١٩ تەنیا لەوەزارەتی شارەوانی هەڵوەشێنراونەتەوە

| ژ | ناوی فەرمانگە یان شارەوانی | ژمارەی ئەو گرێبەستانەی هەڵوەشێنراونەتەوە | ڕووبەری بە م٢ |
|---|---|---|---|
| ١ | گرێبەستەکانی وەزارەتی شارەوانی/ شارەوانی هەولێر | ١٥ گرێبەست | ٢٠٨،١١٨ م٢ |
| ٢ | سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر | ٢٤ گرێبەست | ٧،٢٢٧،٠٦١ م٢ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر | ٩٢ گرێبەست | ١٤٩،٥٢١م٢ |
| ٤ | سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی | ١٥ گرێبەست | ٩٣١٢ م٢ |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی | ١٣ گرێبەست | ١٧٨٦٣م٢ |
| ٦ | سەرۆکایەتی شارەوانی دهۆک | ٢٦ گرێبەست | ٣٠٩٦٩م٢ |
| ٧ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی دهۆک | ٢٣ گرێبەست | ٤٠،٩١٦ م٢ |
| ٨ | دەستەی گەشت و گوزار لە هەرسێ پارێزگا | ١٩گرێبەست | ٩٠٥ دۆنم و٥٥ ئۆلك و ١٣،٩٦٠ م٢ |

چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دان لە لێدوانێکی تایبەتدا دکتۆر تاڵیب ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە گوڵانی ڕاگەیاند: (چەند بڕیارێك وەکو سەرەتایەك لە پەیامی چاکسازیەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەرچوو دواتر چەندین هەنگاوی گرنگ لەبواری چاکسازی نراو، یەکێك لەو بڕیارانە کە پێش دوو مانگ دەرچوو لە (٢٠١١/٦/١٩) لەو ماوەی کە بۆی دانرابوو کۆتایی پێهات، ئەو بڕیارەش دەربارەی وەبەرهێنان بوو، بەپێی ئەو بڕیارە هەموو جۆرە تەرخانکردنێکی زەوی بۆ هەموو جۆرە پرۆژەیەك بە پرۆژەی نیشتەجێبوونیشەوە بۆ ماوەی دوو مانگ ڕاگیراو ماوەی دوو مانگیش مۆڵەتدان بەم جۆرە پرۆژانە ڕاگیرا، لەپاشان لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە بەسەر بکاتەوە کە مۆڵەتیان پێشکەش کردووە و هێشتا مۆڵەتیان وەرنەگرتووە، باوەڕ وابوو بەبێ ڕەزامەندی دەزگای وەبەرهێنان و دەزگا پێوەندارەکانی تر زەویان فرۆشتووە و بەناوی جێگەی نیشتەجێبوونەوە پارەیان لە خەڵك بەشێوەیەکی نایاسایی وەرگرتووە، ئەم بڕیارە کار و ئیش و لیکۆڵینەوەو ئیجرائاتی زۆری لەسەر کراو لە ٢٠١١/٦/١٩ ماوەکەی تەواوبوو، لەم ماوەیەدا پاش لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی توانرا(١٠٢٠) دۆنم زەوی کە لە ٩٠٪ی زەوی کشتوکاڵی بوو وەرگیرایەوە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی (١١٨) گرێبەستی موساتەحە، بێگومان ئەو گرێبەستانەی هەڵوەشێنرانەوە تێیاندا سەرپێچی کراوە لەوانە هەیە هەر دەستی نەکردووە بە پرۆژەکە و ماوەی بۆ دانراوە کە لە ماوەی دوو مانگ یان سێ مانگ یان چوار مانگ دەست بە پرۆژەکە بکات، گەرچی زۆر لەم ماوەیە زیاتری بەسەر داڕۆیشتووە، هەموو ئەو گرێبەستانە هەڵوەشێنرانەوە، هاوکات پرۆژە هەیە دەستی پێکردووە، بەڵام بەپێی گرێبەستەکە نییە بۆ نموونە زەوی پێدراوە کە ئوتێل دروست بکات ئەو چووە سوپەرمارکێتی لەسەر زەویەکە دروستکردووە ئەو جۆرە پرۆژانەش ڕێککاری یاساییان بەرامبەر وەردەگیرێت و پرۆسەی چاکسازیەکە لەسەر ئەم بڕیار و کارانە هەر بەردەوام دەبێت.))

ئەندازیار سەمیر عەبدوڵڵا مستەفا-ش وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کوژاندنەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی ناو ماستەر پلان، پشتگیری خۆی بۆ بڕیارەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پیشانداو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ماستەرپلان بۆ ڕێکخستنی دیزاینی شار و شارۆچکەکان بە شێوازی مۆدێرن یەکێکە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی وەزارەتی شارەوانی، ئێستا خەریکی دانانی شێوازێکی نوێی بەکارهێنانی ماستەرپلانین، بۆ نموونە ئەگەر ماستەرپلانی شارێك بۆ ٢٥ ساڵ دیاری بکەین، پێی ناوێت هەموو ئەو زەوییانە بکوژێنرێتەوە کە تەرخان دەکرێن بۆ شوێنی خزمەتگوزاری گشتی، بەس ئەوەی کە پێویستە بۆ پلانی نزیکی ساڵانە تەنیا ئەوانە دەکوژێنرێنەوە، بەڵام گەر پرۆژەیەك وا بڕیار بێت ١٠ ساڵی تر جێبەجێ بکرێت چ پێویست دەکات زەوی کشتوکاڵی لە ئێستاوە بۆ بکوژێنرێتەوە هەر شتێك لە نزیکبوونەوەی وادەی خۆی دەکرێت.. بە نیسبەت بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی شار و شارۆچکەکانیش بۆ داهاتوو، لەدوای دیراسەتی ورد پێویستمان بە هەر پرۆژەیەك بێت ڕایدەگەیەنین، ئەوجا وەبەرهێن دێت شێواز و و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆژەکە پێشکەش دەکات، ئینجا بزانین پێویستی بە چ شوێنێکە تا دیار بکرێت و گرفتی نەبێت ئەو شوێنە ئەوجا دیزاین لەلایەن ئێمەوە دابنرێت، پارەی دیزاین لە وەبەرهێنەکە وەردەگرینەوە کاتێك پرۆژەکەی بۆ دەردەچێت، ئەمانەش هەمووی بەپێی ڕێنمایی تازە دەکرێت. پرۆژەکان وا دەستنیشان دەکرێن کە پێویستی ئەو جێگەیە بێت کە پرۆژەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت نەك هەر وەبەرهێنێك بە حەزی خۆی پرۆژە دابنێت و داوای جێبەجێکردنی بکات، بۆیە دەتوانم بڵێم لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە قۆناغی یەکەمدا هەنگاوی باشمان بڕیوە بەشێوەیەك ئەو موساتەحانە لەمەودوا بە شەفافانە و بە دادپەروەرانە دەدرێتن و لەسەر

سەمیر عەبدوڵڵا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:



# لەقۆناغی یەکەمدا ٢٣٦ گرێبەستی زەوی موسەتەحەمان هەڵوەشاندۆتەوەو چەندین گرێبەستی دیکەش لەژێر لێکۆڵینەوەدان

خواستی پێویستی بوونی شوێنەکانە بە پڕۆژە، نە دەستێوەردان هەبێت نە فشار لای کەسەوە قبوڵ دەکرێت، هەروەها زۆر پڕۆژەی تر لە پارێزگای سلێمانی ماون دیراسەتیان دەوێت گەرچی لە هەولێر و دهۆك زۆربەیان دیراسەت کراون، بەڵام دەبێت چاکسازی هەموو هەرێمەکە وەك یەك بگرێتەوە).

**پێداچوونەوەی گشتی بەدەسەڵاتی دادوەریدا**

لایەنێکی گرنگی پرۆسە چاکسازییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەهێزکردن و بە پرۆفیشناڵیکردنی دەسەڵاتی دادوەری کوردستانە بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا لەهەرێمدا بچەسپێنرێت، سەبارەت بەم لایەنە ئازاد مەلا فەندی سەرپەرشتیاری لیژنەی بەدواداچوونی پرۆسەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (چاکسازی ڕۆڵ و گرنگی خۆی لەسەرجەم بوارەکان و پێشخستنی هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێکیش لەو بوارانەی کە چاکسازی کاریگەری باشی لەسەر دەبێت مەسەلەی یاسایی و دادوەرییە، بۆ ئەم مەبەستەش بەنیازین لەمانگی داهاتوو کۆنگرەیەکی گەورەو فراوان ساز بدەین، تێیدا پێداچوونەوەیەکی گشتی لەدەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی و وەزارەتی دادو بەرنامەو یاساکان دەکرێت، بۆ ئەوەی یاساکان زامنی پاراستنی مافەکان بن بەتایبەتی مافی ئافرەتان. بەتەئکید بەستنی ئەم کۆنگرەیەش لەچوارچێوەی پرۆسە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێم دێت).

هاوکات ئازاد مەلا فەندی سەبارەت بەرۆڵی پرۆسە چاکسازییەکە لەبوارەکانی دادگاو دەسەڵاتەکانی لێرەدا تەئکیدی لەسەر پەیمانگای دادوەری کردەوەو لەمبارەیەوە وتی: (پەیمانگای دادوەری کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامەکەیدا باسی لێوەکرد، زامنی ئەوەیە کە دادوەر ئامادەبێت بەپێی تواناو لێهاتوویی و نەزاهەتی خۆی ببێتە دادوەر، نەك بەپێچەوانەوە، ئەمەش تاکە پێوەری هەڵبژاردنی دادوەرە، خۆشبەختانە ئێستاکە دادگاکانمان سەربەخۆن و پێشکەوتوون، لەگەڵ ئەمەشدا پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵپشتییەکی زیاتر بەو سەربەخۆییەی دادگاو هەڵبژاردنی دادوەر دەدات، هەروەها پرۆژەی چاکسازی زۆر بەرێکوپێکی چۆتە پێشەوە بەراورد بەو ماوە کورتە کە ٣مانگە، دەکرێت ئومێدی باشی لێ چاوەڕوان بکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییە بوترێت لەسەرجەم وڵاتانی دنیا پرۆسەی چاکسازی پێویستە بەدیراسەی وردو زانستی ئەنجام بدرێت، زۆربەی جار پێویست بەگۆڕانکاری لە ڕێنمایی و هەموارکردنەوەی یاساکان هەیە، وابزانم گرنگترین خاڵی پرۆسەکە لە پێداچوونەوە بەیاساو ڕێنماییەکانەوە دێت کە لەم ماوەیەی داهاتوو دەردەکەوێت، لەلایەکی ترەوە بنبڕکردنی گەندەڵی و بەدواداچوونی سەرپێچیکاران و کەسانی گەندەڵکار پێویستی بە پرۆسەیەکی وردو لێهاتوویی هەیە، تۆ بزانە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك بەریتانیا کە سەدان ساڵە لەپێش ئێمەوەیەو خاوەنی شارستانییەکی مێژوویی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، تازە یاسایەکی نوێی لەبواری گەندەڵی دەرکردووە بۆ ئەوەی قەڵاچۆی گەندەڵی بکات، کاتێکیش دڵنیین قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هیچ وڵاتێك نەیتوانیوە بەرێژەیەکی ڕەها لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دا سەرکەوتوو بێت، بەڵام هەوڵەکان بۆ ئەوەیە باشترین ڕێژە لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دا بەدەست بهێنین. بەشێوەیەکی گشتی پاڵپشتی و پشتگیری سەرۆکی هەرێمی کوردستان وایکرد چاکسازی هەنگاوی پراکتیکی بۆ بنرێت و سەرجەم بوارەکان بەباشی بڕوات بەڕێوەو لەقۆناغی داهاتووش دا کار بۆ زۆر بواری تری وەك نەهێشتنی ڕۆتین و بیرۆکراتیەت و خراپی سیستەمی ئیداری دەکرێت، بۆیە دوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی چاکسازی بەباشی بەڕێوەچوو، لەقۆناغی داهاتوودا بەرنامەو کار بۆ گلەیی خەڵك و دیاریکردنی سلبیاتەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرێت)).

**بۆ قۆناغی دووەم**
**پلانێکی درێژخایەن ئامادەکراوە**

پرۆژە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە قۆناغی یەکەمی بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند، ئێستا چۆتە قۆناغی دووەم و بۆ ئەم قۆناغەش پلانێکی ستراتیژی درێژخایەن ئامادەکراوە، سەبارەت بە قۆناغی دووەم د.تالیب ڕەشید لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: ((لە قۆناغی یەکەمدا کارمان لەسەر چەند لایەنێك کردو لەم ڕووەوە زۆر شتمان بۆ ڕوون بۆوە، هەموو کەسێش لە کوردستانە دەزانێت کە پێشکەوتنێکی ئابووری زۆر بەپەلە هاتە کایەوەو داهاتی کوردستان زیادی کرد، ئەمانە وایکرد هەندێ بوار زۆر بچێتە پێشەوە

## ئازاد مەلا فەندی سەرپەرشتیاری لیژنەی بەدواداچوونی چاکسازی:



# لەمانگی داهاتوو کۆنگرەیەکی گەورەو فراوان بۆ پێداچوونەوەیەکی گشتی بە دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی و وەزارەتی دادو بەرنامەو یاساکان دەکرێت

بەتایبەتی بواری ئابووری، بە پێچەوانەوە یاساو ڕێنماییەکان کە ئیدارە بەڕێوە دەبەن لەئاست ئەو بەرەو پێشچوونە نەبوون، بەمانەش باری سەر فەرمانگە و شوێنەکانی پێویست بە مامەڵەی خەڵك زیادی کرد، گەرچی سەیری دەکەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی ئەو بوارە ڕێکیدەخەن کۆنن و لە ئەنجامدا گرفت دروست دەبێت و جۆرە نارەزاییەکی لەلایەن خەڵکەوە پەیداکرد، بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو نارەزاییانەش پێویستە حکومەت هەنگاوی پراکتیکی و زانستی بنێت بۆ چارەسەرکردنی، بۆ ئەوەش پلانێکی ستراتیژی درێژخایەن دانراوە کە لە دووەم قۆناغدا کاری لەسەر دەکرێت و بۆ ماوەی سێ مانگ پلانێکی ورد و زانستی بۆ دادەڕێژرێت، ئەمەش بواری ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی دەگرێتەوە، ئەمانەش دابەش دەبن بۆ سەر سێکتەری تر بەپێی کار و ئیشەکان قۆناغیان بۆ دادەنرێت و ئەولەویاتیش لە هەر سێکتەرێك هەبێت، ڕەچاو دەکرێت کە چییە و چۆن چارەسەر بکرێت)).

### لەقۆناغی دووەمی چاکسازییەکە پێداچوونەوەیەکی تەواو بەسیستەمی ئیدارە دەکرێت

سەبارەت بە پرۆگرامی چاکسازیەکەو ئەو میکانیزم و ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە، تاڵیب ڕەشید وتیشی: (پرۆسەی چاکسازی بۆیە دەستی پێکرد لەبەر ئەوەیە هەستکراوە کە کەموکورتی لە زۆر بواردا هەیە، واتە بوارەکانی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی، بۆیە ئەگەر ئەو جێگایانەی نارەزایی لەسەر هەیە دیاری بکرێت و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاووڵاتیان و لەگەڵ خەڵکەکە هەوڵی بۆ بدرێت، ئەوە دەگەینە باشترین کار و یاسا و حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان، بە تەئکید هەموویشی بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسانکاری بەڕێوەچوونی کاروئیشی خەڵك و خزمەتی کۆمەڵگەیە، بۆیە دەبێ خەڵکیش هاوکاری و پاڵپشتی لەم کارە بکات، تاوەکو وردە وردە، قۆناغ بە قۆناغ کار بۆ باش بوون و چاکسازی هەموو بوارەکان بکرێت، هەروەها وەکو ئاماژەم پێدا قۆناغی دووەمی پرۆگرامی چاکسازی لە دارشتندایە، بۆیە دەتوانم ئاماژە بە هەندێ خاڵی سەرەکی بدەم کە ئەو بەرنامەیە دەیگرێتەوە، بۆ نموونە:

١- لە بواری ئیدارە پێداچوونەوەیەکی تەواو دەکرێت بە سیستەمی ئیداری هەرێمدا، لەبەر ئەوەی سیستمێکی وامان هەیە بیرۆکراتی و کۆنە و رۆتینێکی یەکجار زۆری هەیە، ئێمە دەمانەوێت گۆڕانکاریەك و نەرمیەك لەو ئیدارانە دروست بکەین کە کەسێك مامەڵەیەك بۆ فەرمانگەیەك بببات لە پەنجەرەیەك پێشکەشی بکات پاش چەند کاتژمێرێك بەبێ ماندووبوون و بێزاربوون لە پەنجەرەیەکی تر مامەڵەکەی وەربگرێتەوە و بۆی تەواوکرابێت بەبێ کەموکوڕی و گرفت، بێگومان ئەو کارەش بە ئاسانی و بە یەك دوو رۆژ ناکرێت، بەڵام بە جدی کاری لەسەر دەکەین تاوەکو مسۆگەر بێت بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٢- هاوکات بڕیاری یاسای ڕاژە دەرچووە و جەنابی سەرۆك داوای کردووە کە بە پەلە ئەنجومەنی ڕاژە لە حکومەت دابنرێت و دەستبەکار بکات لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە هەموو میلاکات دابەش بکرێت بەپێی پێویست و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بەپێی توانا دابنرێت و هەلی کار بۆ خەڵك دروست بکرێتەوە.

٣- هەندێ یاسا هەیە وەکو یاسای خزمەتی مەدەنی کە ئەو یاسایە زۆر کۆنەو پێویستە هەموار بکرێت، هەروەها یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت هەیە کە زۆر کۆنە و لە ساڵانی (١٩٧٠) لە عێراق دەرچووە ئێستاکە ئێمە ئیشی پێ دەکەین و ئەم یاسایەش هەمواربکرێت و بگۆڕێت بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ دنیای ئەمڕۆ ئەو پێشکەوتنەی لە کوردستان هەیە، هەر بەم شێوەیە ئەو دوو نموونەیەی کە باسمان کرد و چەند یاسای تر هەیە پێویستی بە گۆڕانکاری و هەمواركردن هەیە.

٤- یاسای دەستەی وەبەرهێنانیش ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، هەر بۆیەش جەنابی سەرۆك بارزانی دوو مانگ ئیشوکاری وەبەرهێنانی ڕاگرت بۆ ئەوەی دیراسەیەکی زۆر ورد و قووڵی یاساکەی وەبەرهێنان بکرێت و چەند لیژنەیەك بە بەردەوام کاری لەسەر دەکەن، ڕەنگە بەشێوەیەك هەموار بکرێت کە زیاتر خزمەتی خەڵکانی کەمدەرامەت بکات، چونکە پێش ئێستا کە پرۆژەکانی وەبەرهێنان زیاتر لە بواری نیشتەجێبوون بوو، لەم بوارەش خەڵکانی کەمدەرامەت زۆر بە کەمی سوودیان لێ وەردەگرت و زۆر بە زەحمەت خەڵکی کەمدەرامەت دەیانتوانی یەکەی پێ بکرێت، بەڵام ئێستا و لەمەودوا میکانیزمێکی وا دادەنرێت کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان ئیجبار بکرێن خانوو و یەکەی وا دروست بکەن کە

**دڵشاد شەهاب ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:**



# پرۆسە چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆک بۆتە بنەمایەکی دروست بۆ دروستکردنی پێگەیەکی یاسایی و دەستووری و دیموکراتی و لەوانەیە لە ئاییندەدا دەوڵەتیشی لەسەر بونیاد بنرێت

خەڵکی کەمدەرامەت بتوانێ بیکرێت و لێی سوودمەندبێت و پارەی زەوییەکەش نەخەنە سەر نرخی خانووەکان، چونکە پێش ئێستاکە نرخی زەویەکانیشان دەخستەسەر نرخی یەکەکان.

٥- لە قۆناغی یەکەم لەماوەی دوو مانگی ڕابردوو کار و بڕیار و ئیشێکی زۆر لە پڕۆسەی چاکسازی کراوە بەتایبەتی لە زەوی موساتەحە و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، لە ماوەی داهاتووش پرۆسە چاکسازیەکە بەردەوامە و زۆر کاری تر هەیە کە پێویستە و دەبێت چاکسازیان لەبارەوە بکرێت.

٦- هەروەها لە سێکتەر و بوارەکانی تریش کاری چاکسازی ئەنجام دەدرێت وەکو پەروەردە و بواری تەندروستی کە کێشەیەکی زۆری لەسەرە و کۆنترۆڵی جۆری بەتایبەتی بۆ ئەو خواردەمەنی و خواردنەوە و کەرستانەی کە لە دەرەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو بابەتە لەلایەن خەڵك و لایەنی پێوەندار و حکومەت کێشەو باسی زۆری لەسەر هەیە، بۆیە لیژنەی تایبەت و پسپۆر و شارەزا بۆ ئەو بوارە دانراوە تاوەکو پشکنین و دیراسەی ورد و زانستی لەسەر کەلوپەل و بابەتەکان بکەن و ڕێوشوێنی باش و ورد دەگیرێتەبەر و لەمبارەوە ڕاوبۆچوونی خەڵکی شارەزاو پسپۆر وەردەگیرێت.

٧- بۆ ئەوەی کار و چاکسازییەکە لە بەرژەوەندی گشتی و خەڵکدا بێت و لە ماوەی ئەو سێ مانگەی دانراوە زۆر شت دەخرێتەڕوو، هەموو کەسێك و شارەزایان دەتوانن لە هەر بوارێك شارەزایان هەبێت و پێوەندی بەوانەوە هەیە گفتوگۆ بکەن، تاوەکو بڕیاری لەسەر دەدرێت، دوای ئەو سێ مانگە پڕۆگرام و پلانەکە بۆ لایەنە پێوەندار و دەزگاکان ڕەوانە دەکرێت، ئینجا جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دەداتەوەو ئەو کاتە دەبێتە پڕۆگرام و کاری هەرێمی کوردستان و ئەو کاتە بەرەو جێبەجێکردن دەچێت، بەڵام لەماوەی ئەو سێ مانگەی دانراوە خەریکی داڕشتنی پڕۆگرامەکە دەبین).

## چاکسازی بناغەیەك بۆ دادپەروەریی

هەموو گەلی کوردستان بەچاوی ئومێدەوە سەیری پرۆسە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، ئومێدی ئەوەی لێدەکەن، ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی زۆر باش ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بگۆڕێت، سەبارەت بەم لایەنە دڵشاد شەهاب پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (سەرپێچی و خەمساردی ئیداریی و دارایی لە کایەکانی بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێکدا لە هەر سیستەمێکی بەڕێوەبردن بێت یەکێکە لەو دەردە کوشندانەی کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی وڵات و سوود وەرگرتن لە توانا دارایی و داهاتەکانی، تەنانەت بەپێی پێویست ناتوانرێت سوود لە توانا مرۆییەکانی ئەو وڵاتەش وەربگیرێت، بۆیە دەردێکە کە هەمیشە هەموو وڵاتێك بۆی هەیە هەموو سیستەمەکەی تووشی ببێت، بۆیە هەموو کاتێك لەبەرامبەردا دەبێت ڕێگەی خۆپاراستن و چارەسەرکردنیش هەبێت، چونکە خۆپاراستنەکە بۆ ئەوەیە هەندێك ئیجرائات و هەندێ ڕێککاری وابگیرێنەبەر تاوەکو ڕێگە لەو کارە لادەرانە و لەو کەمتەرخەمییە ئیداری و دارایی و هەموو بوارەکانی تری بەڕێوەبردن بگیرێت، چونکە سیستەمی وڵاتێك ئەگەر ئەوە پیشان بدات کە ئەو لادانانە یان ئەو کەمتەرخەمی و کەموکوڕیانە لەبەڕێوەبردن نین، من باوەڕ دەکەم حاڵەتێکی میسالیە، واتە دەتوانم بڵێم هەموو سیستەمێك بۆی هەیە بەڕێژەیەك تووشی ئەو مەسەلەیە ببێت، بەڵام لەسەر ئەوە دەوەستێت چەند و چۆن بەرەنگاری دەبێتەوە و چۆن هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی دەنێت، لەم ڕوانگەیەوە پڕۆژەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ چاکسازی لە ئەنجامی باوەڕێك هاتۆتەدی و ڕێککارێکی گران و تۆکمەی پێشوەختەی بۆ داڕێژراوە (مەبەستم لە پێشوەختەی پێشی ئەوەبووە کەوا دەرهاوێشتەی ڕووداوێك لە هەرێمی کوردستان ڕوویدابێت)، چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی پێش ئەو ڕووداوانەی لە هەرێمی کوردستان و لە هەندێ ناوچەکە و تەنانەت لە هەندێ وڵاتان لەو بابەتە ڕووبدات، پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانە بێنە وجوود ئەو باوەڕی بەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و هەنگاونانی جددی بەرەو چاکسازی هەبوو و قەناعەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئامادەباشی بۆ ئەو پرۆگرامسازیە دەکرا پێش ئەوەی کە

جەنابی سەرۆك بارزانی سەفەری ئیتاڵیا بكات، لە دەرەنجامی ئەو بارودۆخەی هەبووە و ئەو بارودۆخەی لە هەرێمی كوردستانیش هاتە پێشەوە زرورەتی ئەو مەسەلەی زووتر چەسپاند و وایلێكرد هەنگاوی خێراتری بۆ بنرێت، ئەوەی دەمەوێت بڵێم یەكێك لە سیمایە سەرەكییەكانی ئەو پرۆژە چاكسازیەی كە جەنابی سەرۆك بارزانی دەستی پێكرد بەرنامەیەكی داڕێژراوی پێشووەختەی دەرەنجامی باوەڕێك بوو كە دەبێ سیستەمی بەڕێوەبردن و دارایی و سوود وەرگرتن لە توانا دارایی و داهاتی و سەرجەم بوارەكانی تری هەرێمی كوردستان دەبێ بەشێوەیەكی جوانتر و باشتر و پوختتر بێت، بەپێی یاسا و ڕێنماییەكانی سەردەمیانە و هاوچەرخانە ڕێك بخرێت و سوودی لێوەربگرێت، ئەمە باوەڕێكی جێگیربووە لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی، بۆیە ئومێدێكی باش و سەركەوتووانەی لێدەكرێت و بە پلانێكی سەركەوتووانە بەڕێوەدەچێت، چونكە باوەڕێكی جددی ئامادەسازی و پلانێكی زانستی و وردی بۆ داڕێژراوە، نەك شتێكی ڕووكەش بێت یان خۆلادان بێت لە بارودۆخێك یان دەرهاوێشتەی دەرەنجامی بارودۆخێك بێت كە لە ناكاو هاتبێتەدی لە كوردستان.

سەبارەت بە گرنگی پرۆسەی چاكسازی و هاتنەدی چاكسازی وەك هەنگاوێكی كاریگەر بۆ بەرەوپێشچوونی هەرێمی كوردستان و بنبڕكردنی یا كەمكردنەوەی گەندەڵی و هەنگاونان بەرەو موئەسەساتی و دیموكراتی و باشتركردنی ئیدارە و بوارەكانی تر و بە هێزكردنی ئینتیمای نیشتمانی و دانانی بنەمای دەوڵەت، دلشاد شەهاب وتی: (گەندەڵی بە هەنگاوێك یا پرۆسەیەك چارەسەر ناكرێت، باوەڕم وایە نە لێرە و نە لە هەر سیستەمێكی دنیادا بێت بنبڕكردنی گەندەڵی بەپرۆسەیەك یا هەنگاوێك ئەمە میسالیە، باوەڕناكەم حوكمێك هەبێت لە هەموو دنیا بەڕێژەیەكی ڕەها چاككرابێتەوە لە هەر گەندەڵییەكی هەبێت، بەلام بەرەنگاربوونەوە و سنووردانان بۆ گەندەڵی و نەهێشتنی پەرەسەندنی و نەهێشتنی ئەوەی كە كاریگەریەكی گەورەی بەسەر بوارەكانی ژیانی سیاسی و ئیداریی و ئابووری و مرۆیی هەیە ئەوە دەكرێت، لە هەرێمی كوردستان پێموایە پرۆژەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەرەنجامێكی دروست و واقیعیانەی دەبێت و هەنگاوی لەم ڕووە دەنرێن، بەڵام پرۆسەی چاكسازی بە كەسێك یان لایەنێك یان هەموو لایەن و حزبەكان ناكرێت، بەڵكو بە هاوكاری و پاڵپشتی هەموو كەس و لایەنەكان و هاووڵاتیان بەیەكەوە دەكرێت و دەرەنجامێكی باش و سەركەوتووشی دەبێت.

د.تالیب ڕەشید لە دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم:



# لەقۆناغی یەكەمدا (١٠٢٠) دۆنم زەوی وەرگیراونەتەوە كە لە ٩٠٪ی زەوی كشتوكاڵی بووە، بۆ قۆناغی دووەمیش پلانێكی ستراتیژی درێژخایەن بۆ گۆڕانكاری دادەڕێژرێت

بێگومان وڵاتی ئێمە لە تاقیكردنەوەیەكی گرنگدایین بۆ هەنگاونان بۆ دیموكراسیەت و وڵاتێك و حكومەتێكی موئەسەساتی لەسەر بنەمایەكی یاسایی دروست كە زامنی بەرەوپێشچوون بكات، نەك تەنیا خۆشگوزەرانی و پەرپاكردنی دادپەروەرییە، بەڵكو زامنی بەرەوپێشچوونی سیاسی و بەهێزبوونی پێگەی دیموكراسیەتە لە هەرێمی كوردستان و نیشاندانی نموونەیەكی جوانی بەڕێوەبردنە كە بێگومان ئەمە كاریگەری لەسەر ئایندەی هەرێمی كوردستانیش دەبێت، لەوانەش لە ئاییندەدا بۆ هەنگاونان بۆ بەرەوپێشچوونی خەڵك و وڵاتەكەمان لە هەموو ڕوویەكە بەگشتی، بە تەئكید ئەم چاكسازیە كاریگەری ڕاستەوخۆ و بەهێزی دەبێت و دەبێتە بنەمایەكی دروست بۆ هەنگاونان بۆ دروستكردنی پێگەیەكی یاسایی و دەستووری و دیموكراتی و بەهێزكردنی بناغەیەك كە لە ئاییندەدا مومكینە بونیادی دەوڵەتیشی لەسەر بنرێت، جگە لەوەی دەبێتە مایەی ئینتیمای نیشتمانیش، ئەمەیان بە باوەڕی من یەكێك لە خاڵە هەر گرنگ و جەوهەرییەكانی ئەو هەنگاوانەیە كە جەنابی سەرۆك بارزانی دەستی پێكردووە بۆ چارەسەركردنی گرفتەكان لە هەرێمی كوردستان، كەواتە تاكی كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستان هەست بەوە بكات كە لێپێچینەوە لە چاكە و خراپەكانی ئەم وڵاتە هەیە و دادپەروەری هەیە و هەڵسەنگاندن دەكات كە ئینتیمای نیشتمانی و پێوەندی نێوان تاك و نیشتمانەكەی بەهێزدەكات، چونكە ئومێد بە ئاییندە بەهێزتر و گەورەتر و زۆرتر دەبێت، من باوەڕم وایە گەورەترین دەسكەوتی پرۆسەی چاكسازی كە بەدەستی دەهێنین، بەهێزكردنی ئینتیمای نیشتمانییە لە وڵات، چونكە ئەمە مەسەلەیەكە لەسەرووی هەموو مەسەلەكاندا سەیر دەكرێت بۆ بونیادنانی دەوڵەت و پاراستنی وڵات)).

# لەنێوان فەلسەفە و پەروەردەدا



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

ژمارە (٨٣٦) ■ ٢٠١١/٦/٢٧

فەلسەفە بەهەموو پێناسە جیاوازیەکانیەوە، لەوانە: (زانستی یاسا هەرە گشتیەکانی جیهان)، (زانستی زانستەکان)، (خۆشەویستی دانایی).... تاد، بریتییە لە تێگەیشتنی راستەقینەی سروشت و ژیان دوور لە شیکردنەوە ئەفسانەییەکان. فەلسەفە زانستێکە پشت بە یاسا زانستیەکان و شیکردنەوەی لۆجیکی دیاردەکان دەبەستێت، بۆیە بە زانستی راستی یان زانستی راستیەکان دەناسرێت.

فەلسەفەی راست و بەسوود ئەو فەلسەفەیە کە دەتوانێت خوێندنەوەی راست بۆ کۆمەڵگە بکات، کێشەکانی دیاری بکات و کورد وتەنی «دەست بخاتە سەر برینەکانی». فەلسەفەی دروست و بەسوود ئەو فەلسەفەیە کە وێنەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان نیشان دەدات کە بیکەینە ئامانج و هەوڵ بۆ دابینکردنی بدەین. فەلسەفەی دروست و بەسوود ئەو فەلسەفەیە کە نەخشەی رێگەمان بۆ دیاری دەکات چۆن کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و نادروست بگۆڕین بۆ کۆمەڵگەیەکی ساغ و دروست. پشتبەستن بەو ئەرکانەی کە دیاریمانکرد بۆ فەلسەفەی دروست و بەسوود دەکرێت بڵێین کە:

١ — لەگەڵ بڕوابوونمان بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی رابردو و ئەزموونی میللەتان و کۆمەڵگە جیهانیەکان، فەلسەفەی گونجاو دەبێت لە ناخی کۆمەڵگەوە چەکەرە و گەشەی کردبێت و فەیلەسوفیش دەبێت لە کوورەی کۆمەڵگەدا قاڵ بووبێت.

٢ - لەگەڵ بوونی خاڵی گشتی و هاوبەش، ئەرکەکانی فەلسەفە دەگۆڕێت بە گۆڕینی کۆمەڵگەکان. بۆیە لاسایی کردنەوەی کۆمەڵگەکانی تر و هاوردەکردنی فەلسەفە و پراکتیزەکردنی کوێرانەی، بێ رەچاوکردنی بارودۆخی بابەتی و تایبەتی کۆمەڵگە، دەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە.

٣ - ئەرکەکانی فەلسەفە دەگۆڕێت بە گۆڕینی کات و قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەکان. ئەو فەلسەفەی بۆ کۆمەڵگەکانی دوێنێ گونجاو بوو، مەرج نییە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا بگونجێت.

٤ — ئامرازی سەرەکی و کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فەلسەفە بریتییە لە پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن. تەنیا لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە دەتوانین برینەکانی کۆمەڵگە سارێژ بکەین و ئامانجەکانی فەلسەفەی دروست و بەسوود بەدەست بێنین. کەوابوو پەروەردە و فێرکردن ئامرازی سەرەکی جێبەجێکردنی بۆچوونە فەلسەفیەکانن، گەر تاکە ئامراز نەبن.

٥ — مەرج نییە هەموو پرۆسەیەکی پەروەردە و فێرکردن لە توانایدا بێت ئەرکەکانی فەلسەفەی دروست و بەسوود جێبەجێ بکات و ئامانجەکانی بەدەست بێنێت. ئەم کارە تەنیا لە توانای پەروەردە و فێرکردنێکدایە کە بڕوای بە بۆچوونە فەلسەفیەکان هەبێت، خواستی جێبەجێکردنی ئەو بۆچوونانەی هەبێت. لە توانای پەروەردە و فێرکردنێکدایە کە خاوەن و هەڵگری فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردنێکی تایبەت بێت کە لە توانایدا بێت «بیرکردنەوەی زانستی لای تاکی کۆمەڵگە دروست بکات».

کاتێك باس لە پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن دەکەین مەبەستمان تەنیا لە مانا تەسکەکەی زاراوەکە، واتە پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان، نییە. راستە لەم بوارەدا پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان پشکی شێریان بەر دەکەوێت، بەڵام ئەم پرۆسانە هەموو پرۆسەکانی پەروەردە دەگرێتەوە کە خێزان، پارتە سیاسییەکان، رێکخراوە پیشەییەکان، دەزگاکانی راگەیاندن.... تاد، ئەنجامی دەدەن.

پشتبەستن بەو بۆچوونانەی کە لە پەرەگرافەکانی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا دەڵێین:

« کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەو بۆچوونە فەلسەفیانەیە کە لە ناخی کۆمەڵگەکەمانەوە هەڵقوڵابێت، بەو بۆچوونە بوێرانەیە کە دەرمانی دەردەکانمان بکات و کێشەکانمان چارەسەر بکات وەك چۆن لە هەمان کاتدا پێویستمان بە سیستەمێکی پەروەردە و پرۆگرامێکی فێرکردن هەیە کە لە تونایدا بێت، لە بواری پراکتیکدا، بۆچوونە فەلسەفیە دروست و بەسوودەکان جێبەجێ بکات».

لە کۆتاییدا دەپرسین ئێمە چەند خاوەنی ئەم جۆرە فەلسەفە و بیرکردنەوانەین کە ئاماژەمان بۆ کردن و کە لە توانایاندا بێت کێشەکانی کۆمەڵگەکەمان چارەسەر بکەن؟ چەند خاوەنی ئەو سیستەمە پەروەردەییەین کە ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی بۆچوونە فەلسەفیە دروست و بە سوودەکان و یارمەتیدەربێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و گەیشتن بە کەناری ئارام؟. وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ خوێنەری ئازیز جێ دەهێڵین، بەڵام ئەوندە دەڵێین کە «گەر وەڵامی ئەم پرسیارانە نەرێنی، (نێگەتیڤ) بن و بەزووترین کات چارەسەر نەکرێن، نابێت چاوەڕێی ئاییندەیەکی گەش بین.

# ئاو وەک فاکتەرێکی سیاسی لەپێوەندییەکانی عێراق و تورکیادا

سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول رایگەیاند کەوڵاتەکەی ئامادەیە رێککەوتننامەیەك سەبارەت بەدیاریکردنی پشکی هەر وڵاتێك لەئاوی رووبارە هاوبەشەکان لەگەڵ عێراقدا ئیمزا بکات. ئەگەرچی ئەم بەڵێنە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەتورکیا بەکردەوە ئەم مەسەلەیەی بەهەند وەرگرتووە.


ئەو بەڵێنەی گول وەڵامی هەڕەشەکەی بەغدا بوو کە لەسەر زاری بەرپرسێکی وتبووی ئەگەر ئەنکەرە کێشەی پشکە ئاوییەکان چارەسەر نەکات، عێراق چاو بەپەیوەندییە ئابوورییەکانیدا لەگەڵ تورکیا دەخشێنێتەوە. لەڕاستیدا عێراق لەکاتێکی گونجاودا هەڕەشەی کردووە رەنگە لەم رووەوە سێ فاکتەر پشتیوانی لەعێراق بکەن. یەکێکیان ئەوەیە کەعێراق لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا هەڕەشەی خۆی کردو لەئاکامدا فشاری لەسەر پارتی دادو پەرەپێدان دروست کرد، چونکە پارتی دادو پەرەپێدان بەگونجاوی نەدەزانی لەو کاتەدا تووشی شەرێکی سیاسی بێ لەگەڵ عێراقدا. دووەمیشیان ئەوەیە کەتورکیا لە نائارامیی ناو لیبیا زەرەرمەند بووەو کۆمپانیاکانی ناچار بوون پرۆژەکانیان بەنیوە ناچڵی بەجێبێڵن و لەئاییندەشدا پێناچێ رژێمی داهاتووی لیبیا بەقەد رژێمی قەزافی پەرە بەپەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ تورکیا بدا. سێیەمیان، ئەوەیە کە تورکیا زۆر پێویستی بە بەردەوامبوونی پێوەندییە ئابوورییەکانە لەگەڵ عێراقداو بەکردەوەش ئەم پێوەندییانە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا زۆر پەرەیان سەند. ئەمەش تورکیا هاندەدا هەڵوێستێکی وا نەنوێنێ کەببێ بەمایەی لەدەستدانی هاوبەشێکی گرنگی وەك عێراق.

لەگەڵ ئەوەشدا رێکخستنی پێوەندییە ئاوییەکانی عێراق و تورکیا کارێکی ئاسان نابێ، بەتایبەتی کەتورکیا لەساڵانی بیستی سەدەی رابردووەوە خۆی لەئیمزاکردنی هەر رێککەوتننامەیەك سەبارەت بەرووبارە نێودەوڵەتیەکان دەدزێتەوە.

ئەگەر تورکیا بیەوێ فایلی رووبارە هاوبەشەکان یەکلا بکاتەوە، دەبێ نەك تەنیا لەگەڵ عێراقدا بگات بەرێککەوتن، بەڵکو هەروەها لەگەڵ سووریاش. ئەمەش مەسەلەکە تا ئەندازەیەکی زۆر ئاڵۆزتر دەکات.

تورکیا هەردوو رووباری دیجلەو فورات بەدوو رووباری سنووربڕ دادەنێ و دان بەنێودەوڵەتیبوونیاندا نانێ. ئەم بۆچوونە فەرمییەو نەبوونی رێککەوتننامەیەك سەبارەت بەدیاریکردنی پشکی هەر دەوڵەتێك لەئاوی دوو رووبارەکە، ئەو دەرفەتە بۆ تورکیا دەڕەخسێنێ کەپشکی ئاوی هەر یەك لەعێراق و سوریا بەئارەزووی خۆی دیاری بکات.

لەلایەکی ترەوە، دەشێ ئەم مەسەلەیە تێکەڵ بەکێشەی ویلایەتی هاتای ببێ کە سوورییەکان بەئەسکەندەرۆنی ناو دەبەن. ئەم ویلایەتە تا ساڵی ١٩٣٩ بەشێك بوو لەسوریا، بەڵام بەپێی رێککەوتنێك لەنێوان تورکیا و فەرەنسای داگیرکەری سوریا، فەرەنسا دەستبەرداری ویلایەتەکە بوو بۆ تورکیا. ئەستەمە تورکیا هیچ رێککەوتنێك لەگەڵ سوریا سەبارەت بەرووباری فورات بەبێ رێککەوتن سەبارەت بەدیاریکردنی پشکی تورکیا لەئاوی رووباری عاسی ئیمزا بکات. رووباری عاسی لەلوبنان هەڵدەقوڵێ و پاش ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ بەناو خاکی سووریادا دەڕوا، دەچێتە ناو سنووری تورکیا لەویلایەتی هاتای. هەر رێککەوتنێك لەنێوان تورکیا و سوریا سەبارەت بەرووباری عاسی، لەڕووی یاساییەوە دەبێ بەدانانێکی فەرمیی سوریا بەتورکیایی بوونی ویلایەتی هاتای کەسوریا تا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی دانی بەوەدا نەناوە کەبەشێکی تورکیا پێکدێنێ.



فەرید ئەسەسەرد

یەکلاکردنەوەی فایلی رووبارە هاوبەشەکان دەرفەتێك بۆ هەرسێ دەوڵەت بۆ دامەزراندنی پێوەندیی سەقامگیر پێکدێنێ و مانەوەی ئەم فایلە بەهەڵپەسێردراوی، لەمپەرێکە لەبەردەم سەقامگیربوونی پێوەندییە سیاسییەکان. رەنگە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە تورکیا لەکارتێکی فشار بێبەش بکات، بەڵام لەبەرامبەردا تورکیا دەتوانێ لەبواری تردا زیانەکەی خۆی قەرەبوو بکاتەوەو قازانجی زۆرتریش بکات، بەتایبەتی کە لەکۆڵکردنەوەی ئەم فایلە لێی رادەبینرێ متمانەیەکی زۆرتر لەنێوان لایەنە پێوەندارەکاندا بێنێتە ئاراوە.

# ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن
# عێراق دەگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم



هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا بەردەوامن، بەڵام هەوڵەکان هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە بگەنە ئاکامێکی ئیجابی ئەوتۆ کە بتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن، سەبارەت بە چۆنیەتی ئاراستەی هەوڵەکان بۆ هێورکردنەوە، ئیبراهیم فەزع پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی لێوە کرد و وتی: (کۆبوونەوەکانی یەکەم ئاراددیەکی زۆر پۆزەتیڤانە بوو، بەرەچاوکردنی ئەوەی کە سەرۆکی لیستی «عێراقیە» «د.ئەیاد عەلاوی» ئامادەنەبوو. لەڕاستیدا بۆچوونی هاوبەش لەئارادا هەیە، هەر بۆیە دواخرا بۆ هەفتەی داهاتوو. من خۆم گەشبینم و پێموایە کە پێویستە لەسەر سەرکردەی قەوارە سیاسییەکان پێش هەموو شتێك سەیری عێراق بکەن و کاربکەن لەپێناو پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی عێراق، ساڵانێکی زۆر بەسەر عێراق تێپەڕیوە هەتا ئێستاش لە ئازار و نەهامەتی و وێرانی و کاولکاری دەژین، دەستی کاولکاری گەیشتە هەموو شتێك، لە مرۆڤ و ژیان و ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی. پێویستە لەسەر هەموو سەرکردەیەك و سیاسەتوانێکی بەشەرەف یەکەمین شت سەیری عێراق بکات، نەك سەیری بەرژەوەندییەکان بکات، بەرژەوەندییەکانی گرووپ یان حزبی یان بەرژەوەندیی شەخسی، یانیش جەختبکەنە سەر وەرگرتنی پۆست و وەدەستهێنانی قازانج. پێویستە لەسەر هەموومان، ئێمە و سەرکردەی قەوارەکان، هەموومان پێکەوە هەماهەنگ بین لەپێناو عێراق، لەبەر ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە ڕێکنەکەوین و یان تەوافوق نەبێت، ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، چوارگۆشەی خوێن، چوارگۆشەی شەڕی ناوخۆیی، چوارگۆشەی جەنگی تایفەگەری. هەموو کەسێك و هەموو سیاسەتوانێك لەم ڕاستییە بەئاگایە. تەوافوقی سیاسی و هەماهەنگیی سیاسی زۆر گرنگن، هەروەها بیرکردنەوە لەسەر عێراق و بونیادنانی دەوڵەت و پەرەپێدانی ئابووری شتی زۆر گرنگن، بەتایبەتی لەم هەلومەرجەدا. ئەمڕۆ هاووڵاتیان چاودێریمان دەکەن و داواکاری و خواستیان هەیە، هاوکات داواکارییەکانیان لەگەڵ خزمەتگوزارییەکان لەبەردەستدا نین. پێویستە هەموومان پێکەوە کاربکەین لەپێناو جێبەجێکردنی داواکاری و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لەگەڵ کارکردن لەپێناوی عێراق. عێراق عێراقی هەمووومانە، عێراقی من و تۆ و هەموو عێراقییەکە. ئەوەی کە لەسەرمان چووە و لێمان ڕۆیشتووە پێویستە ئێستا قەرەبووی بکەینەوە. خودا شاهیدە من هاتمە پەرلەمان بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان بکەم، بەڵام لە بینینی بەربەستەکان تووشی شۆك بووم، بەربەست و ئاستەنگی تۆقێنەر و گەورە دانراوە لەلایەن سەرکردە سیاسییەکان لەگەڵ بوونی ناکۆکیی سیاسی. پێشتر ڕەخنەم هەبوو لە خولی پێشوو لەوبارەیەی کە ناکۆکیی سیاسی لەناو پەرلەماندا هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ناکۆکی هەیە، هاوکات ڕێژەی ناکۆکییەکان لەجاران کەمترە لەبەرئەوەی کەسانێك هەین و منیش یەکێکم لەوان کە ڕێگەدەگرین لە هەر ناکۆکییەکی سیاسی، بەڵام هەروەك کە هەمووتان ئاگادارن کە ناکۆکییەکانی ئەمڕۆ کەوتۆتە نێوان سەرکردەکانی قەوارە سیاسییەکان. ئەم ناکۆکییانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گرووپ و حزبین. بەڕای من هاووڵاتیان چیتر دەنگ بەم سیاسەتوانانە نادەن. بەڕاشکاوانە دەیڵێم، بۆ خولی داهاتوو هیچ هاووڵاتییەك دەنگ بە ئێمە نادات لەبەرئەوەی ئێمە تاکو ئەمڕۆ هیچ شتێکمان پێشکەش نەکردووە)).

**ڕەنگدانەوەی ناکۆکیە سیاسییەکان لەسەر ڕای هاووڵاتیان**

لایەنێکی دیکەی مەترسی چارەسەرنەکردنی کێشەکان بە شێوازی ئاشتیانە ڕەنگدانەوەی کێشەکانە لەسەر ڕای گشتی هاووڵاتیان بە تایبەتی کە ڕەوشی ئەمنی و خزمەتگوزارییەکان نالەبارە، سەبارەت بەم لایەنە خالید عەبدوڵلا موحسین پەرلەمانتاری لیستی تەوافوق لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (ئێمە هیوادارین کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان کۆتایی بێت، بەتایبەتی کێشەی نێوان لیستی «عێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا» لەبەرئەوەی ئەم گرفتانە ڕەنگدانەوەی لەسەر شەقامی عێراقی هەیە و دەبێتە هۆی نالەباربوونی ڕەوشی ئەمنی و سیاسی و ئابووری، لەئاکامیشدا بە حکومەتێکی کارا دەرناچین کە بتوانێت ئاسایش و خزمەتگوزارییەکان دابین بکات بۆ هاووڵاتیان. ئەگەر قەوارە سیاسییەکان بەردەوام بن لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان ئەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر عێراق دەبێت. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە خوازیارین کێشەکان کۆتاییان بێت و لیستی «عێراقیە» بگات بە مافەکەی، لەبەرئەوەی زۆربەی کێشەکان پەیوەستن بە دواکەوتن لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سیاسی و ناهاوسەنگی لە حکومەت. پێویستە هەموو قەوارە و هێزە سیاسییەکان کە هاوبەشن لە پرۆسەی سیاسی ڕایان هەبێت لە بڕیاردان و لەهەموو مەسەلە پەیوەستدارەکان بە عێراق، نەك لایەنێك یان قەوارەیەکی سیاسی بەشێوەیەکی تاکڕەو ڕاو بۆچوونەکانی بسەپێنێت)).

**پێشبینی دەکرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن**

ئێستا مەترسییەکان لای هەموو لایەنەکان ئاشکرایە، هەموو لایەکیش هەست بەو ڕاستیە دەکەن کە تەنیا ڕێگە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم مەترسییە گەڕانەوەیە بۆ ڕێککەوتنی هەولێر کە بەرەنجامی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، دەربارەی ئەم لایەنە حوسێن عەلوان پەرلەمانتاری لیستی ئەحرار لە هاوپەیمانی نیشتمانی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (لەڕاستیدا پێشبینیدەکرێت ئەم قەیرانە کۆتایی پێ بێت. کۆتایی هاتنی قەیرانەکە لەبەرژەوەندیی گەلی عێراقدایە و بەردەوامبوونی قەیرانەکە وێرانییە بۆ هەموو عێراقییەکان. جیاوازی لە بۆچوونەکان کێشە و ئیحراجیمان بۆ دروستدەکات لە شەقامی عێراقی. زۆربەی ئەو تەقینەوانەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن هۆکارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی لە بۆچوونەکانی قەوارە سیاسییەکان. ئەوەی کە چەند ڕۆژێك بەر لەئێستا ڕوویدا لە «دیوانیە»، تەقینەوەی تیرۆریستی ڕوویدا و دوو ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو تەقێندرانەوە، نزیکەی دوو ساڵە ئەو ناوچەیە ئارامە، کەواتە هۆکارەکانی ئەو تەقینەوانە چین؟ کێی لەپشتە و لەسەر چ بنەمایەکە و دەستی کێی تێدایە؟ کەواتە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و نەبوونی تەوافوق لەنێوان قەوارە سیاسییەکان و لەگەڵ ئاسەوارەکانی ئەمەش ئەنجامەکانێتی. پەنا بەخودا ناکۆکییەکان کۆتاییان دێت بۆئەوەی بگەینە کەناری ئارام. بۆ چارەسەری ئەم کێشانە بێگومان «هاوپەیمانی کوردستانی» ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەبەرئەوەی ئەوان سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەستپێشخەرییەکەن، دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز «مەسعود بەرزانی» کۆتایی هێنا بە بەشێکی زۆر



لــە ناکۆکییــەکان، بــەڵام جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکــە پێویســتی بەهەوڵی زیاتری هەموو لایەنەکان هەیە)).

لەبەشــێکی دیکەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت گەڕانــەوە بۆ دەســتوور وەك مەرجەعێك بۆ چارەســەری کێشەکان، حوسێن عەلوان وتی:

**ئیبراهیم فەزع:**

**ئەگەر ڕێکنەکەوین و یان پێکەوە نەگونجێین، دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، چوارگۆشەی شەڕی ناوخۆیی و جەنگی تایفەگەری، هەموو کەسێک و هەموو سیاسەتوانێک لەم ڕاستییە بەئاگایە**

(حکومەتی هاوبەشی نیشتمانی بریتییە لە حکومەتی «موحاصەصە»، دەســتوور-یش زۆر دوورە لــەم مەســەلەیە. ئەگەر باس لە دەســتوور بکەین ئەوە زۆر باشە، کە باس لە دەستوور بکەین و هەڵستین بە جێبەجێکردنی دەســتوور مەســەلەکە بریتییە لە هاوبەشی و موحاصەصــە، بەڵام ئەگــەر وەزارەتەکان بژمێریــن دەبینین کۆمەڵێك وەزارەتمان هەیە، چ مەبەســتێك هەیە لەم هەموو وەزارەتانە؟ ئــەم هەمــوو وەزارەتانــە چ حیکمەتێکیان تێدایە؟ تەنیا بــۆ قایلکردنە، بۆ قایلکردنی قــەوارە سیاســییەکان. دەســتوور بەهیچ شێوەیەك باســی لەم وەزارەتانە و ژمارەکانی نەکردووە. بۆیە من پێموایە کە ئەگەر بێت و دەســتوور جێبەجێ بکەین، ئەوکات دەگەینە بارودۆخێکی زۆر باش، بەڵام لێرەدا دەستوور جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو مەسەلەکە تەنیا بۆ قایلکردنی قەوارە سیاسییەکانە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش، کە وەزارەتێك بۆ فلان قەوارەی سیاســی دەدرێت و وەزارەتێکی تر بۆ فیســار قەوارەی سیاسی بۆ قایلکردنی هەمــوو لایەنــەکان لەئاکامیشــدا دەبینین کێشــە هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەمە وەزارەتە ئەمنییەکانە کە تاکو ئەم ســاتەش دۆسیەی وەزارەتە ئەمنییەکان یەکلانەکراونەتەوە)).

### لیستی ئەلعراقیە داوای جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی هەولێر دەکات

لیســتی ئەلعراقیــە لەگــەڵ ئــەوەی لەهەڵبژاردنەکانــی ٧ی مارتــی پارســاڵ زۆرینەی دەنگەکانی بەدەســت هێنا، بەڵام

**ئەحمەد عەبدوڵڵا جبوری:**

**لیستی «عێراقیە» خوازیارە بۆ جێبەجێکردنێکی پراکتیکییانەی ئەو بەندانەی لەسەری ڕێککەوتووین و بە پێی ئەو ڕێککەوتنەش حکومەتی ئێستا پێکهێنراوە**



دوای ڕێککەوتنی لیستی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ ئیتلافی نیشتمانی، لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی پێکهات کەبووە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی و توانی حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام لیستی ئەلعراقیە ئەمە بە سازشکردنێك دەزانێت بۆیە کاتێك

**خالید عەبدوڵڵا موحسین:**


**ئەگەر قەوارە سیاسییەکان بەردەوام بن لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان ئەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر عێراق دەبێت، بەتایبەتی کێشەی نێوان لیستی «عێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا»**

لیستی دەوڵەتی یاسا تەفسیری جۆراوجۆر بۆ داواکارییەکانی لیستی ئەلعراقیە دەکات، ئەلعراقیە لیستی یاسا بەوە تۆمەتبار دەکات کە حکومەت بەشێوەیەکی تاکلایەنی بەڕێوە دەبات، سەبارەت بەم لایەنە ئەحمەد عەبدوڵڵا جبوری پەرلەمانتاری ئەلعراقیە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بە هەڵوێستی ئەلعراقیە وتی: (بێگومان لیستی «عێراقیە»، لەمیانی دوا چاوپێکەوتنیدا لەماڵی سەرۆك کۆمار، ڕێککەوت لەسەر ڕاگرتنی هەموو هێرشێکی ڕاگەیاندنی نێوان قەوارە سیاسییەکان بەتایبەتی لەنێوان «عێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا»، لەگەڵ بەردەوامبوون لە دانوستانەکان. لیستی «عێراقیە» خوازیارە بۆ جێبەجێکردنێکی پراکتیکییانەی ئەو بەندانەی لەسەری ڕێککەوتووین و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەش حکومەتی ئێستا پێکهێنراوە. لیستی «عێراقیە» پێیوایە کە لەئاییندەیەکی نزیکدا ناکۆکییەکان کۆتاییان دێت. لەلایەکی دیکەش لیستی «عێراقیە» ڕەزامەندبوو سازشبکات لەسەر مافە ئنتخابییەکەی و «دەوڵەتی یاسا» هەڵستێت بە پێکهێنانی حکومەت لەبەرامبەر چەند مەرجێك، کە ئەم مەرجانەش واقیعی و ڕاستەقینەن و مایەی چارەسەرکردنن بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و یاریدەدەر دەبێت بۆ سەقامگیری، لە بەندەکان: پرەنسیپی هاوسەنگی، دۆسیەی «موسائەلە و عەدالە»، ئاشتەوایی نیشتمانی، لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان)).

**حوسێن عەلوان:**

**ئەگەر دەستوور جێبەجێ بکەین ئەوکات دەگەینە بارودۆخێکی زۆر باش، بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەستوور جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو تەنیا قەوارە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش ڕازیکراون**

# قەیرانی سیاسی لەبەغدا و ئاسۆی چارەسەرکردن



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو فراکسیۆنە گەورەکەی حکومەتی عێراقی ئاڵۆزتر بوونەتەوە ئەوەش بەهۆی ئەو باکگراوەندە لێڵە و تاریکەی کە لەمیانەی ناتێگەیشتن لە نێوانیاندا دروستبووەو دواتر وایکردووە ئەرکی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان شکست بێنێت و ڕەوایەتی بەردەوام نەبێت، ئێستا ئەو ئەرکانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی عێراقی بوونەتەوە، هێندە لە قەبارەدا گەورە بوون کە لە توانای هیچ لایەن و حزبێکدا نییە بە تەنیا ڕووبەڕووی ببنەوە، بۆیە لێرەوە چەندین ڕێککەوتن لەسەر بناغەی دامەزراندنی حکومەتی شەراکەت دروست بوون هەروەها چەندین ئەنجومەن و دەزگا دامەزران بۆ ڕاییکردنی کارەکانی قۆناغی ڕاگوزاراوی داهاتوو، بەڵام گرفتە ڕاستەقینەکە لە موعاناتی هاووڵاتیانی عێراقیدایە کە ڕۆژانە قوربانی دەدەن و ئازارێکی زۆر دەچێژن، بۆ ئەمەش بەئاڕاستەیەکی ڕێژەیی کەمەوە تایبەتمەندی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی لێدەربچێت، ئەگینا بەگشتی هاووڵاتییان لە عێراقدا گیرودە بوون بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و پێداویستیە سەرەکییەکانەوە هەروەها بەهۆی دارمانی باروگوزەرانی ئابوورییەوە کە لە دەرئەنجامدا ئاستێکی زۆری بێکاری خستۆتە ناو کۆمەڵگەوە کە پێشتر وێنەی نەبووە بەم شێوە زۆرە.

هەروەها ئاستی موچە لە چاو داواکارییەکانی هاووڵاتییاندا نزمە، پانتایی و قەبارەی ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی کە گەیشتوونەتە سەر هێڵی هەژاری فراوانتر بوون، ئەمە وێڕای گرفتەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوەو ئاڵۆزبوونەکانی کەرتی تەندروستی و کەمی دەرمان و تەشەنەکردنی گەندەڵی لە هێنانی خۆراك و گەمەکردن بە بەشە خۆراکی هاووڵاتییان و بەرەو دواوەچوونی ئاستی خوێندن و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی ئیداری و مالی تا ئەو ئاستەی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا گەیشتۆتە ریزی ئەو چوار دەوڵەتە جیهانییەی کە لە سەرەوەی لیستەکەی وڵاتانی گەندەڵدا ناویان دێت.

لەسەر ئاستی کارگێڕی و یاسایی و بواری جێبەجێکردنی فیدراڵیدا لە بەغدا تا ئێستاش عێراق ئاستی ئەدا و لێهاتووی زۆر نزمە بە تایبەتی لە کاروباری پەرلەمانیدا، کە بەهۆیەوە میکانیزمی کارەکان بێبەرنامە و نابابەتییانە دەجووڵێنەوە، حکومەتیش دانەمەزرا تاکو نەشتەرگەرییەکی قەیسەری گەورەیان بۆ نەکرد کە ماوەی دووگیانی ئاسایی تێپەڕاند ئەمەش بێ وێنە بووە چ لە ڕووی ناوخۆوە چ لە ڕووی جیهانییەوە. تاکو ئەمڕۆش حکومەت بەبێ وەزیرەکانی بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتە وەزارەتە سیادییەکان و ئاسایش و سەربازی. جەخت کردنەوە لەسەر ئەو وەزارەتانە کەوتبووە بندەستی سەرۆك وەزیرانەوە ئەوەش فاکتەری سەرەکی بوو بۆ پشێوی لە بواری ئاسایش.

هەروەها تەوەری سەقامیگربوونی ئاسایش ڕاستەوخۆ جڵەوەکەی لەدەست خودی کەسایەتی سەرۆك وەزیراندابوو، بەمشێوەیەش میکانیزمی کاروباری بەدامودەزگایی کراوی کۆمەڵگەیی شکستی خوارد، بەپێی دەستوور پێویستە سەرۆك وەزیران ئەو ئەرکانە دابەش بکات، نەك هەمووی بخاتە بن باڵی خۆیەوە. هەروەکو چۆن ئێستا کار بەمەرکەزی بوون دەکات و حاڵەتێکی تاکڕەوییەتی بە حوکمەکانییەوە پێوە دیارە کە ئەوەش بۆخۆی شکاندنی یاسایی و کاری دەستوورییە، هەموو جەماوەری گەل و شەریکەکانی ناو حکومەتی خستۆتە نیگەرانییەوە. ئەم هەفتە و مانگانەی ڕابردوو مەودای کورتبینێتی لە ئەدا و توانای حکومەت سەلماند. هەروەها ئەم ماوانە ئاماژە بوون بۆ ئەوەی ئازادییەکانی تاك و مافەکانی هاووڵاتیان کە بەپێی دەستوور و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دیاریکراون لەعێراقدا پێشێل بکرێن. هەروەکو چۆن لە بەغدا ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە تەعدا لە خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکانی خەڵکی دەکرا و لە چەند پارێزگایەکی تریش هاوشێوە لوولەی تفەنگ ئاڕاستەی سنگی ڕووت و خەڵکی سڤیلی سەرشەقامەکان کرایەوە، کە گوللەی زیندووی تێدا بەکارهات، هەروەها گرتنی هەڕەمەکی و ئەشکەنجەدانی هەمەجۆر لە دژی خۆنیشاندەران جێبەدەجێکرا. وێڕای تۆمەتهەڵبەستنی ناڕەوا لە حەقیان تا ئەو ڕادەیەی تاوانبارکردنیان بە تیرۆریست و شکێنەرانی یاسا بوو بە کاری ڕۆژانە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ چ لەناوخۆ و یان نێودەوڵەتییەکان هاتووە ئاماژەیان بە پێشێلکاری زۆر داوە کە بەرامبەر مافی ڕادەربڕین و مافی ئازادانەی خۆنیشاندان لە عێراق ئەنجامدراوە. سامناکترین تەعدا کە لەم بارەیەوە کرابێت لەلایەن ئەندامانی بەڵتەجە و شەقاوەکانی سەر شەقامەکانەوە ڕوویاندا کە بە چەکی سپی و تێلاو دار و چەقۆ و کەتەرەوە دەبینران، کۆمەڵێك لە بەشداربووانی مانگرتنە ئاشتیخوازانەکانی ساحەی تەحریریش لە بەغدا لەلایەن شەقاوەکانەوە تەعدایان لێکرا، لەڕووی پراکتیکیشەوە دامودەزگا ئەمنی و سیاسییەکان ترس و تۆقاندنیان خستۆتە ناوەندی گشتی خەڵکەوە، لە هەوڵێکدا بۆ ڕاگرتنی خۆپیشاندانەکان. لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا هەندێك لە سەرکردەکانی هەردوو فراکسیۆنی دەوڵەتی قانون و عێراقییە دەرفەتیان قۆستەوە بۆ ئەوەی خیتابی یەکترتاوانبارکردنیان ئاڵوگۆڕ کرد، واقیعەکەیان زیاتر شێواند تا ئەو ئاستەی نزیك بۆوە لە تەقینەوەی ململانێ ناسروشتییەکان کە بەگشتی پرۆسەی سیاسی دەخاتە بەرهەڕەشە و ناهێڵێ عێراق بەرەو ڕێگەی بونیاتنانەوەی دامودەزگایی دیموکراتی و فیدراڵی راستەرێ بچێت. لە بەرامبەر ئەم دیمەنە درامیەدا لەسەر ئاستە فەرمییەکان دەستپێشخەری جیدی و ئەکتیڤ هەن بۆ ڕاگرتنی ئەو تۆمەتبارکردنەی یەکتر کە لە بیری حزبایەتی تەسکەوە

سەرچاوەیان گرتووە، هاندان و ئومێدی زۆریش هەن تا لایەنەکان بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و بەپێی ئەو دەستپێشخەرییانەی کە بارودۆخەکەی چەندین هەنگاو بردە پێشەوە، لەوانەی دەستپێشخەری سەرۆك مەسعود بارزانی، بەو شێوەیە ئومێدەکان هەمووی ئاراستەی سەرکەوتنی پرۆسەکە دەکرێن، زیاتریش خەڵکی لێرەو لەوێ هاندەدرێن، تا بەمانگرتنی ئاشتیخوازانە زەمینەی واقیع بگۆڕن، کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ هێزە مەدەنییە عیلمانییەکان ببەسترێت، هەموو هێزەکانی تەوژمی دیموکراتی و هێزەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و سەرکردەکانی کوردستان و ئەو هێزە لیبراڵی و مەدەنیانەشی تێدا بەشدار بێت کە گوزارشت لە گرووپی ئایینی و ئەتنی دەکەنەوە. کە بەشێکن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لەرێگەی سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکانەوە کاردەکەن بۆ ئەم مەبەستە لەوانەش نوێنەرانی کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان..تاد بەرنامەی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە بۆتە پێشەنگی کارەکانی هێزە دیموکراتییەکان، ئەمەش حکومەت بەرەو ئاراستەی تەکنۆکراتی دەبات بەپشت بەستن بە خەڵکی بێلایەن و بەهاوبەشی ئەو وەزیرانەی کە نوێنەری ڕاستەقینەی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنن، ئەرکی حکومەتیش چڕ دەبێتەوە لەسەر تەواوکردنی بەرنامەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوە و سەرلەنوێ کاراکردنەوەی خولەکانی ئابووری و گوزەرانی خەڵکی، هەروەها چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕاستەوخۆ بە پێی لێکۆڵینەوەکانی کە وەڵامی داخوازییەکانی ژیانی گشتی دەدەنەوە کار لەسەر دانانی یاسا و دامودەزگای پێویست دەکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، چارەسەری دووەم لە خۆئامادەکردندایە بۆ هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ کە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە مەیسەر و ئاسان دەبێت:

١- ئامادەکردن و بەیاسایی کردنی هەڵبژاردن، سەرلەنوێ بەڕێگەیەکی وا کە هەموو شێوازەکانی کورتبینی بە بنبەست گەیشتن بەجێ بێڵێت.

٢- ئامادەکردن و بە یاساییکردنی یاسای حزبەکان لەسەر بنەڕەتی ئەو مەدەنییەتەی لە وڵاتانی دیموکراسی هاوچەرخدا کاریان پێدەکرێت.

٣- دارشتنەوەی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی بەپێی ئەو ماددە دەستوورییانەی کە لە دەستووردا هەن و تێیدا ئاماژە دراوە بەوەی چۆن هەڵبژاردن بۆ دەزگایەکی شەرعی دەکرێت.

٤- خۆئامادەکردن بۆ دارشتنەوەی ئەنجوومەنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەکو چۆن لە خولەکانی پێشوویدا دامەزرێنرا، بەڵام بەشێوەیەك نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی عێراقی تێدا بەشداربێت.

٥- دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت و هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و سەرلەنوێ هەڵبژاردنێکی نوێ بەپێی ئەو بەرنامە و کارنامەیەی کە هەموو هێزە نیشتمانییەکان لەسەری ڕێك بکەون بەتایبەتی تەوژمە دیموکراتییەکانیان کە ئێستا بە زۆری زۆردارەکی لەکاری گشتی دوورخراونەتەوە بەشداریان پێبکرێتەوە، بە بەڵگەش بارودۆخی ئەم دواییەی ئەوەی سەلماند کە هێزە دیموکراتییەکان دوچاری گرتن و ئەشکەنجەدان بوونەوە. هەروەها مافی کاری گشتییان بە ئازادانە لێسەندرابۆوە. چ لەرێگەی داخستنی سەندیکاکانیان یان هەڵوەشانەوەیان یان ڕێگرتن لە مافی گوزراشت کردنی ئازادانە یان یان هێرشکردنەسەر بارەگای حزبە دیموکراتییەکان و گەمارۆدانیان، هەروەها دوورخستنەوەی نوێنەرانیان لەوەی لەبەردەم ماسمیدیادا دەربکەون، تەسککردنەوەی کاری بزاڤخوازانەی دیموکراتییەت، بەشێوازێکی نادادپەروەرانە لە کاری سیاسی ئازادانەی حزبیدا. لێرەوە هەر هەڵبژاردنێك پشت بە ماددەی یاساییەکانی دەستوور نەبەستێت، ناتوانێت سەقامگیری دروست بکات، بەتایبەتی سەقامگیربوونی بارودۆخ لەرێگەی یەکسانبوون لە مافەکاندا دروست بێت، هەروەها ئازادی لە کارکردنی سیاسی بەپێی یاسا پێکدێت، هەر کاروکردەوەیەکیش چەوساندنەوە بەکار بێنێت بەهۆی میلشیا حزبییەکانەوە یان تائیفە سیاسییەکانەوە یان هەر لایەنێك دامودەزگا حکومی و دەوڵەتییەکان قۆرخ بکات تا لەبەرژەوەندی حزب و هێزەکەی خۆیدا بەکاری بێنێت، نەك لەبەرژەوەندی هێزی دیموکراتییەتی هاووڵاتییاندا، ئەوە ئەم دیمەنە نارێك و پڕ پشێوییە دروست دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوازێکی درامیتر و پڕ گێژاوتر دەکەوێتەوە. پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی روون وئاشکرا بدەین بە گرنگی ڕۆڵی دادوەری و سەربەخۆبوونی هەروەها بەشێوازێك کە دادوەری بەرپرسیارانە پشتی تەواو ببەستێ بە دەستوور، دەستێوەرنەدانی کاروباری دادیش زامن بکرێت، هیچ فشار و کارێکی قۆرخکاری لەبەرامبەری بەکار نەیەت. ئەمەش دەبێتە کارێکی سروشتی بۆ یەکلاکردنەوەی سەدان و هەزاران کێشەی کە تایبەتمەندن بە تاوان و تاوانباران و تا دادگا بتوانێت بڕیاری توند لە حەقیان بەکار بێنێت، یان توانای سەربەخۆی هەبێت بۆ ئازادکردنی دەستبەسەرکراوەکان ئەوانەی کە بەبێ فەرمانی یاسایی و قەزائیی دەستگیر کراون.

لەهەمووی گرنگتر پێویستە شێوازەکانی پاسەوانی کردنی بەرپرسانی گەورە و بچووك ئەکتیڤانە گۆڕانکاریان بەسەر بێت و هیچ بەرپرسێك لە بەرپرسیارێتی نەبواردرێ تاکو دامودەزگاکان لە گەندەڵی پاکژ بکرێنەوە. لە هۆیەکانی راگەیاندن و ئامرازەکانی گوزراشت کردنی ماسمیدیاشەوە دەرگای ئازادییەکان بخرێنە سەر گازەرەی پشت بۆ ڕخنەو دۆزینەوەی گەندەڵییەکان، ڕێگەش بگیرێت لەو لایەنانەی کە بوونەتە سەرپۆشێکی پاراستنی فەرمی تاوانباران، بەم شێوەیە بیرۆکەی گۆڕینی حکومەت ناکاتە ڕووخاندنی لەڕووی سیاسییەوە بۆ بەرژەوەندی لایەنێك یان ئەوی تر، بەڵکو بە واتای چاککردنی کاروبارەکان، هەروەها رووخاندنی ئەو بەربەستانەی کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەمی چاکسازی، لێرەوە پێویستە پێوەندییە نیشتمانی و دەوڵەتییەکان لەرێگەی دیالۆگ و پتەوکردنی متمانە و ڕاگرتنی جنێو و تەشهیر بەیەکتری و تاوانبارکردنی یەکتر، بارودۆخ هێمن بکرێتەوە، هەروەها دیالۆگێکی بابەتییانە لەنێوان هەموو جەمسەرەکاندا سازبکرێت لە پێناوی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و یەکگرتوودا.

***سەرۆکی پەرلەمانی ڕۆشنبیری عیراقی لە تاراوگە**

تیدگەلن کارپێنتەر بۆ گوڵان:

# چارەسەری قبوڵکراو بۆ کورد ئەوەیە کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان





پرۆفیســۆر تید گەلــن کارپێنتەر جێگری سەرۆکی دیراساتی سیاسەتی دەرەوەو بەرگرییە لە ئامۆژگای کاتۆ بۆ دیراساتی ستراتیژی و خاوەنی هەشت کتێبە لەســەر کاروبــاری نێودەوڵەتی کــە یەکێك لەو کتێبانــە بریتی یە(لە سیاســەتی دراوســێی خراپ- Bad Neighbor Policy) هەروەها زیاتر لە ٤٠٠ وتاری لــە ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمریــکا وەك نیویــۆرك تایمــز و واشنتۆن پۆست و وۆڵ ستریت جۆرناڵ بڵاوکردۆتەوە و بەیەکێك لە شرۆڤەوانە جیهانییەکان دەژمێرێت لە سیاســەتی بەرگــری و دەرەوەی ئەمریــکادا، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق وکشــانەوەی هێزەکانــی ئەمریکا لە عێراقدا، پرۆ فیسۆر کارپێنتەر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**گـولان: ئێســتا هەمووان بــاس لە کشــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن، ئەو کشانەوەیش بە پێی ڕێکەوتنی نێوان ئەمەریــکا و عێراقە «ســۆ فا»یە؟ ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پاشەکشــەیەی هێزەکانی ئەمەریکا چییە؟**

**تید گەلن کارپێنتەر:** لە ڕاســتیدا من هەفتەی پێشــوو وتارێکی دوورودرێژم لەو بارەیەوە لــە «national interest online» لە ئەمەریکا بڵاوکردەوە، کە دەقاو دەق لەسەر ئەو بابەتە بووە. بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکــەن ئەمەریکا خوازیاری هێشــتنەوەی ژمارەیەکــی بەرچــاوی هێزەکانێتی دوای تەواوبوونی ئەو وادەیەی بــۆ کشــانەوەی هێزەکانی دانــراوە، کە کۆتایی ئەم ساڵ دەکات. ئەمەریکا فشار لەسەر حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی ئــەل مالیکی دەکات بــۆ جێگیرکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی هێزەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێــژ، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی ئایا مالیکی مل بۆ ئەو فشارانە کەچ دەکات یان نــا، بەڵام ئەوەی لێــی دڵنیام ئەمە نیاز و نییەتی ئەمەریکایە، لەبەر ئەوەی چەندەها لێدوانی بەرپرسە جۆراجۆرەکانی ئەمەریکا، بــە وەزیری بەرگری ڕۆبەرت گەیتســەوە، دراون کە ئاماژە بە خواستی بوونێکی ســەربازی دوورمــەودا دەکەن. ســەرەڕای ئەوەش باڵێــوزی ئەمەریکا، ســوپایەکی تایبەتی گەورەی پێکهێناوە، کــە بەلای کەمــەوە ١٥ یــان ٥ هەزار ســەربازی چەکداری، کە زرێپۆشــیان هەیە، هەلیکۆپتەری هێرشــبەریان هەیە، واتە لە هەموو ڕوویەکەوە ســوپان، جگە لە پۆشینی جلوبەرگی سەربازی، چونکە ئەمە ســوپایەکی تایبەتە، کەواتە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێــت حکومەتی عێــراق ڕایبگەیەنێت کە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوەو ئەوەش قبوڵ نەکات کە ئەوە ســوپایەکی تایبەتیەو لە پێناوی پاراستنی ئەمنیەتدا پێکهێنراوە، بەڵکو ئەوە سوپایەکی تایبەتە و دەبێت بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**گولان: ئەگەر چاودێری ڕای گشتی ئەمەریــکا بکەین، بەو ڕاســتیە دەگەین کە خوازیاری ئەوەن هاونیشــتمانیەکانیان بە زووترین کات بــۆ وڵاتەکە بگەڕێنەوە و ڕۆڵەکانیان بۆ نیشــتمانەکەیان بێنەوە، بەڵام ئەمە لایەنێکی ســلبی هەیە، لەبەر ئەوەی هێشــتا هێزە ئەمنیەکانی عێراق و سوپای ئەم وڵاتە وەک پێویست کەلوپەلیان بۆ دابین نەکراوە و مەشــقیان پێنەکراوە و ئامادەنین بۆ پاراســتنی دۆخی ئەمنی وڵاتەکەیــان، ئایا لۆجیکیە سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەپێی ڕای گشــتی وڵاتەکە دابڕێژرێت، لەبەر ئەوەی لەم ناوەدا چارەنووسی نەتەوەیەك لە مەترسیدایە؟**

**تید گەلــن کارپێنتــەر:** هیچ گومان لەوەدانییە زۆرینــەی خەڵکی ئەمەریکا خوازیاری کشــانەوەی تەواوی سەربازی ئەمەریــکان لە عێــراق، ئەویش بە پێی ئەو خشــتەیەی دانــراوە، واتە لەکۆتایی ئەمســاڵەدا. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەمە پرسێکی زۆر گەرم و گوڕ نییە، تەنیا بۆ ئەوکەسانە نەبێت کە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکانیان لە سوپاو لە عێراقدا خزمەت دەکەن، واتە بۆ بەشەکەی دیکەی وڵاتەکە ئەمە تا ڕادەیەك مەسەلەیەکی لاوەکیە، لەبەرئەوەی مەســەلەگەلێکی دیکەهەن لــە ڕووی سیاســیەوە زۆر گرنگتــرن، وەك باشــترکردنی ئابــووری وڵاتەکــە، هەلومەرجی ئەفغانستان. ئەوەی پەیوەست بێت بەکێشــەی درێژکردنەوەی مانەوەی ســەربازی ئەمەریــکا لەعێــراق ئەوەیە کە ئەگەر پرســی مانــەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتــانی دیکە وەربگرین، ئەوا ڕەنگە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لــە عێراق بە چەنــدێك بێــت هەرگیز ئەمەریکا ئــەو وڵاتە جێنەهێڵێت، چونکە دوای ٦٦ ساڵ لە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم هێشتا هێزەکانی ئەمەریکا لە یابان و ئەڵمانیــادا ماون. لە لایەکی دیکــەوە بەردامبوونی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لــە عێراق ڕەنگــە گرژی و کێشــەی سیاســی لە عێراقدا دروســت بکات، لەبەر ئەوەی ئێستا موقتەدا سەدر و شوێنکەوتوانی هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە شەڕ هەڵدەگیرسێننەوە، ئەگەر ئەمەریکا پاشــگەزبێتەوە لــە پابەندبوونەکــەی بەکشانەوەی تەواوی هێزەکانی لە کۆتایی ئەمســاڵدا. کەواتــە دەکرێــت مانەوەی هێزەکانــی ئەمەریــکا ببێتــە هۆکاری سەقامگیری، لە هەمان کاتدا بۆی هەیە بە ئاسانی ببێتە هۆکاری ناسەقامگیریش، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی حاڵی حازر بەرهەڵســتی حکومەتی ئێستا دەکەن لە بەغدا.

**گــولان: ئەوە ڕاســتە کــە بیروڕای جیاواز هەیە لەبارەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام کورد پێی وایە کشانەوەی هێزەکانــی ئەمەریکا سەردەکێشــێت بۆ دروســتبوونی ناســەقامگیری، ئەمەش دەبێتە هەڕەشەو مەترســی بۆئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان، بە بۆچوونی ئێوە تا چەند ئەمەریکا ئەم نیگەرانیانەی کورد لەبەرچاو دەگرێت؟**

**تید گەلــن کارپێنتەر:** بــە دڵنیاییەوە نیگەرانیەکانــی خەڵــك و حکومەتــی کوردســتان فاکتەرێك دەبن لە پرۆسەی بڕیاردانی ئەمەریکادا، لەگەڵ ئەوەشــدا فاکتەری دیکەش هەن، کە گرنگترینیان بە تێڕوانینی من، بە چاوپۆشــین لەوەی ســەرکردەکانی دانی پێــدا دەنێت یان نا، ئەوەیە سەرەکیترین هۆکار و پاڵنەری

ئەمەریکا بۆ بەردەوامیدان بە مانەوەیان لە عێراقدا ئەوەیە ئێران نیگەران بکەن، بەوەی ئەمەریکا بنکەی سەربازی هەیەو هەرکاتێك بڕیاریدا کە پێویستی بە فراوانکردنی کار و چالاکیە هەواڵگریەکانی هەیە، یاخود پێویستی بە ئەنجامدانی چالاکی هەیە لەلایەن هێزە تایبەتیەکانیەوە لە دژی ئێران دەتوانێت ئەم کارە بکات، گومانی جیددی هەیە ئایا حکومەتی عێراق، بە تایبەتی بە سەرۆکایەتی مالیکی بەوە ڕازی دەبێت یان نا؟، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە ئەمە پاڵنەری ئەمەریکایە بۆ بەردەوامیدان بە مانەوە لەو وڵاتەدا. ئەمەریکاش هۆشیارە بەوەی خەڵك و حکومەتی کوردستان خوازیاری درێژەدان بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو لە ڕاستیدا خوازیاری ئەوەن بەشێکی ئەو هێزانە دووبارە لە کوردستاندا جێگیر بکرێنەوە.

**گوڵان: ساڵی پار بە دەستپێشخەریەکی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشەڤچوونی بەرچاو دروست بوو، بەڵام هێشتا کێشەی چارەسەرنەکراو ماون، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کوردەکان ئەتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، بە تایبەتی کێشەی وەزارەتە ئەمنیەکان و ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژیەکان؟**


**تید گەلن کارپێنتەر:** ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، من پێم وایە ئەگەری ئەوە هەیە بەرەوپێشچوون لەو مەسەلانەدا بێتەدی، بەڵام باوەڕم وانییە بتوانرێت بە ڕاستی ئەو مەسەلانە لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەربکرێن، واتە لە ساڵ یان دوو ساڵی داهاتوودا، لەبەر ئەوەی کێشەگەلێکی زۆر هەن، بواری ناکۆکی زۆرن لەبارەی ئەوەی چارەسەری دیاریکراو بۆ کێشەکان چییە. کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە بەرەوپێشچوون بەدی بێت، بەلای کەمەوە لە هەندێ لەو مەسەلانەدا.

**گوڵان: گەورەترین کێشە کە زۆر نیگەرانین لەبارەیەوە دوای کشانەوەی ئەو هێزانە بریتیە لە کێشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، هەروەك ئێوەش دەزانن ئەم کێشەیە هێشتا چارەسەرنەکراوە،**

**ڕەنگە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە چەشنێك بێت هەرگیز ئەمەریکا ئەو وڵاتە جێنەهێڵێت، چونکە دوای ٦٦ ساڵ لە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم هێشتا هێزەکانی ئەمەریکا لە یابان و ئەڵمانیادا ماون**

**پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەترسی ئەوەی لێناکرێت سەربکێشێت بۆ بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا؟**

**تید گەلن کارپێنتەر:** ئەوە مەترسیەکەی زۆر بەرچاوە کە ناکۆکی لەسەر کەرکوك ببێتەهۆی شەڕێکی مەترسیدارو ڕەنگە شەڕێکی ناوخۆیی کراوە و بەربڵاو. لە نێو هەموو کێشەکانی دیکەدا کەرکوك مەترسیدارترین و دژوارترین کێشەیە بۆ ئەوەی بە چەشنێك چارەسەربکرێت کە ببێتە هۆی ڕازیکردنی لایەنە پێوەندیدارەکان. ئەوەی ئەمەریکا و پارتە سیاسیە جیاوازەکانی بەغدا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کردویانە بریتی بووە لە دواخستنی بیرکردنەوە و تاوتوێکردنی ئەم کێشەیە، دواخستنی گەیشتن بە بڕیارێك لەسەر ئەم کێشەیە. کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو ئەوە سەرکەوتوو بووە. بەڵام ستراتیژیەتی دواخستن دەتوانرێت تەنیا ئەوەندە درێژەبکێشێت کە تا ئێستا درێژەی کێشاوە. لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە بە دیاری کراوی زۆر زۆر گرنگە بە دیاری کراویش بۆ خەڵکی کورد. من وێنای ئەوە ناکەم دانیشتووانی کوردی کوردستان ئەوە قبوڵبکەن ئەم کێشە چارەسەرنەکراوە بۆ ماوەی ٥ بۆ



١٠ ساڵی دیکە درێژەبکێشێت. چونکە لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا و لە ساتەوەختێکی دیاری کراودا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە دەکات، کە تاکە چارەسەری قبوڵکراویش بەلای حکومەت و خەڵکی کوردستانەوە ئەوەیە کەرکوک ببێتە بەشێك لەو هەرێمەی کوردەکان بەڕێوەی دەبەن.

**گوڵان: پرۆسەیەکی بەرفراوانی چاکسازی لەم هەرێمەدا دەستی پێکردووە کە سەرۆکی هەرێم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، ئایا چۆن ئەم پرۆسەیە هەڵدەسەنگێنیت و ئایا باوەڕت وایە سەرۆك بارزانی سەرکەوتوو بێت لەم پرۆسەیەدا؟**

**تید گەلن کارپێنتەر:** ئەمەش پرسیارێکی باشە، لە ڕاستیدا هەندێ بەرەوپێشچوون بەدی هاتووە، بەڵام هەستەکە لە واشنتۆن بەو شێوەیەیە کە نەگەیشتوتە ئاستی پێویست، واتە دەبێت چاکسازی زیاتر بکرێت، دەبێت هەنگاوی زیاتر هەڵبگیرێت بۆ ڕێگرتن و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی.

**گوڵان: پێشبینیت چییە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و ئایا چۆن کێشەی کورد لە ناوچەکە دەخوێنیتەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم کێشەیە لە ئێران، سوریا و تورکیادا چارەسەر بکرێت؟**

**تید گەلن کارپێنتەر:** لەڕاستیدا دەبوایە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا چارەسەربکرانایە، بەڵام بە داخەوە حاڵی حازر کەشەکە لەبار نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە ڕاستیدا ڕەنگە خراپترین کەش بێت کە لە ماوەی چەندین ساڵدا هاتبێتەئاراوە، ئەگەر چەند فاکتەرێکی کەم لەبەرچاو بگریت، ئەوا نەك تەنیا ئەوە دەبینیت کە حکومەتی سوریا لە ژێر فشاری بێئەندازەی ناوخۆیدایە، واتە لەم وڵاتەدا هەلومەرجی ئەوە لە ئارادانییە کە کێشەیەکی سەخت و مشتومڕهەڵگر چارەسەر بکرێت، ئێرانیش بەردەوام لە دابڕان و گۆشەگیربووندایە، پێوەندی ئێران بە ئەمەریکا و ئەوروپاوە زۆر دوژمنکارانەیە. ڕەفتاری تورکیاش مایەی بێزارییە لای واشنتۆن و تورکیا پشت لە ئەوروپای دیموکراتی دەکات، کە ڕەفتاری خۆسەپێنانەی زیاتری لێبەدی دەکرێت و دووبارە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە بەرەوڕۆژهەڵات و حکومەتە خۆسەپێنەکان دەگۆڕێت، ئەمە لە پاڵ ئەو کێشانەی لە ناوخۆی عێراقدا هەیە کە وا دەکەن چارەسەرکردنی کێشەیەکی مشتومڕهەڵگری وەك کێشەی کورد نزیك بێت لە مەحاڵەوە. واتە ئەمەکاتێکی زۆر لەبار نیی بۆ ئەم کارە.

**ئەوەی ئەمەریکا و پارتە سیاسیە جیاوازەکانی بەغدا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کردویانە بریتی بووە لە دواخستنی بیرکردنەوە و تاوتوێکردنی کێشەی کەرکوك**

**گوڵان: ئایا ڕاسپاردەت چییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئایا دەبێت بارزانی لەم ساتووەختەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات؟**

**تید گەلن کارپێنتەر:** پێشنیاری من ئەوەیە هەوڵەکانی چاکسازی چڕبکەنەوە و هەوڵی پێوەندیکردن بدەن لەگەڵ ئەو خەڵکانەی لە مانگەکانی نیسان و ئایاردا خۆپیشاندانیان کرد کە ئاشکرایە نارازین، هەوڵبدەن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئاوێتەی پرۆسە سیاسیەکەیان بکەن، ئەوەندی دەکرێت خۆتان لەو کێشانە دووربخەنەکە کە بەشەکانی دیکەی عێراقی وێرانکردووە، کە پێم وایە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەی کردووە، بەڵام پێم وایە ئەم لایەنە زۆر گرنگە لە ماوەی ساڵ بۆ دوو ساڵی داهاتوودا، لەبەر ئەوەی بەشەکانی دیکەی عێراق لە دۆخێکی ناسەقامگیردان.



# بۆ بونیاتنانی کوردێکی تری نوێ..؟



د. موحسین ئەحمەد عومەر

یەکێ لەو بنەمایانەی کە لە مێژووی نوێدا دەوڵەتی نوێی لەسەر دروست بووە، بە پلەی یەکەم لە دیموکراسی رۆژئاواییدا زیاتر هەستی پێدەکرێ، بریتییە لە بوونی «فەردییەتی رۆشنبیر – Individualisme Eclaire . فەردییەتی رۆشنبیر مێژووەکەی لەگەڵ هەڵسان و گەشەسەندنی فیکر و چینی بۆرژوازی لە دایك دەبێ، هەڵبەت ئەو بۆرژوازییەی شۆڕشی کردووە، «بە تایبەتی لە فەرەنسا ئینجا لە وڵاتانی تری رۆژئاوا» دژی چینی ئەریستۆکراسی کلاسیکی و مفتەخۆر و فیۆدالە گەندەڵەکان. ئەو بۆرژوازییەی کە هەندێ جاریش بە بۆرژوازی رۆشنبیرو نیشتمان پەروەریش لە قەڵەم دەدرێ، واتە ئەو بۆرژوازییەی سیستەم و دەوڵەتی دامەزراندووەو بنەمای عەقڵی سیاسی و فەلسەفەی نوێی دارشتووە. ئەم فەردییەتە رۆشنبیرە لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی بڵێسە دەستێنێ و فیکری کلاسیکی و کۆنی پێش خۆی کە بە هیچ شێوەیەك چیتر بە کەڵکی ئایندە نەدەهات دەسووتێنێ، ئەم هەڵکەوتە نوێیە لەگەڵ «سەردەمی رۆشنایی- Epoque de Lumiere لە ١٧٨٩ بۆ ١٨٣٠» گەشە دەکاو پێدەگا و بەرەو ئایندە دەڕوات، ئەمەش بە پلەی یەکەم نیشانەی زیندوویێتی ئەو ئاگرە نوێیە بوو کە لە ناوکی شۆڕشی فەرەنسا و تێکشکانەوە لەدایك بوو.

لە دوای ئەم سەردەمە، لە فەرەنساو لە رۆژئاوا، بە تایبەتی لە ئەوروپای رۆژئاوا، لە ناکاو لەسەر ئاستێکی فراوانی ئێلیتی (هەڵبژاردە – نوخبە) سیاسی و رۆشنبیری، خۆیان بەرامبەر بەچەند چەمکێکی - نوێ دۆزییەوە، وەك: Concepte حکومەتی گەل و دیموکراسی، وەك عەلمانیەت کە رێگای خۆش کرد بۆ هێنانەوەی رێزو حورمەت بۆ ئیمانداران و بێ ئیمانان کە تا چەند دەیەیەك پێشتر یەکتریان دەکوشت و گۆڕیان بۆ یەکتر لێدەدا. وەك سەرهەڵدانی سیستەمی پلورالیزم و لیبرالیزم و چەمکی هاووڵاتی و چەمکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، سەرهەڵدانەوەی فەردیەتێکی نوێ کە لەسەر پرەنسیپی ئەرك و مافەکان بنیات نرابێ. وەك چەمکی حکومەتی خۆبەڕێوەبەر –-Auto gouvernement، ئۆتۆ کۆنترۆڵی سیاسی و ئابووری..تاد. هەر لەو سەردەمەشەوە فەلسەفەی نوێ و بنەما عەقڵییەکانی فەلسەفەی سیاسی و فیکری نوێ لە دایك دەبن و رەخنە سەرهەڵدەدا، ئەمەش راستەوخۆ دژایەتی فیکری ئایینی و ئەفسانەیی دەکات، عەلمانیەت روانینێکی تازەترو ستاتۆێکی تازەتر بۆ ئایین دادەڕێژێ کە لەگەڵ پەیامە ئایینییەکان زیاتر بگونجێ وەك لە روانینی کڵێسا و پیاوە ئایینییەکان بۆ ئایین و بۆ رۆڵی خۆیان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ.

لەم پێشەکییە خێرایەدا بە پلەی یەکەم ئامانجمان ئەوەیە بڵێین کەتا ئەمڕۆش تازەترین فۆرمی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو فۆرمەیە کە لە کۆندا هەبووە، بە تایبەتی فۆرمی عوسمانی و قاجاری. ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو روانینەی کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تازە، لەم سالانەی دوایی، دوای رووخانی فیکری ئیستیبدادی دەگاتە ئەم چەمکانەی دوای شۆڕشی فەرەنسی، کە هەتا ئێستاش لە رۆژئاوا خۆی، زۆر شتی ماوە و پراکتیك نەکراوە.

رۆژهەڵات (مەبەستمان رۆژهەڵاتی

ناوەڕاســـتە کە زۆربـــەی میللەتانی عەرەب و موســـلمانی لێ دەژیێ ) وەك سێر بەلفۆر دەڵێ : نازانێ خۆی بەڕێوەبەرێ بۆیە مەبەستمان لە داگیرکردنی فێرکردنی خۆبەڕێوەبردنە. هەر ئەم بیرەش بوو وای کرد لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت وەك کێکێـــك لە نێوان فرەنسا و ئینگلستان دابەش بکرێ و کۆنترۆڵ بکـــرێ. فەرمانڕەوایی بەریتانی لە میســـر لە ســـاڵی ١٩١٠ کرۆمەر دەگێڕێتـــەوەو دەڵێ : ســـێر ئەلفرێد لۆیال پێی وتم برۆ میسر داگیر بکـــە، چونکە ڕۆژهەڵاتیەکان فێـــر نەبوونە بە وردی بیربکەنەوە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانی ســـەرکەوتوو بی. ئەمە لە بنچینەدا ناوەڕۆکی فیکری ئیســـتبدادی ڕوون دەکاتەوە کە لەسەر «بیرنەکردنەوە» دروست بووە.

لەو بڕوایەدام، ڕۆژهەڵاتیەکان هێشتا لە ناو ئەم پێوەندییە فیکری و شارستانیە ئاڵۆزە دەژین. کێشەی زۆر ئاڵۆز و قووڵمان هەیە لە خۆبەڕێوەبردن، دروست نەکردنی هاووڵاتی، پاراستنی عەدالەت و دانەنانی سیستەمێکی بەهێزی حکومەتی کە لەســـەر بنچینەی ئۆتۆحکومەت – Auto-gouvernement و ئۆتۆکۆنترۆڵـــی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و ئابـــووری بەڕێوە بچێ. لەوبڕوایـــەدام ئێمە چونکە مێژوویەکمان نییە لە خۆبەڕێوەبردن، ناتوانین دەســـەڵاتەکان لێکجیابکەینەوە، هێشتا فۆڕمی نوێی دەوڵەت و خۆبەڕێوەبردن سەری هەڵنەداوە لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو ڕۆژهەڵاتیەکان چەمکی ئیســـتبدادییان نوێکردۆتەوە، گەشـــەمان پێداوە، فەلســـەفە و بنەمامان بۆ دارشـــتووە، دژایەتی بیرکردنەوە و دیالۆگین، ســـەرەنجام سەرکەوتووترین فۆڕمی دەوڵەتی کە لەســـەر ئەم ڕوانینە دامەزرابێ لە مێـــژووی ئێمە، بریتییە لـــە فۆڕمی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری کە ئێستا بۆتە مێژوویەك لە وەهـــم و تارمایی، ئەمانەش لـــە زوویێکەوە کەوتنە بەر هێرشـــی نوێی فیکـــری ڕۆژئاوا، پاشـــان فۆڕمیان گۆڕا بۆ ڕژێمە دیکتاتۆری و ئیدیۆلۆژییەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کە ئێســـتا لە هەنگاوی ڕووخانی کۆتاییدان. ئـــەم کاریگەرییـــەی ڕۆژئاوا هەر ئەوســـا بۆ خۆی جۆرێك بوو لـــە جیهانگیری نوێ، پێش ســـەردەمی مۆدێرنیتێ کە دەمێکـــە ڕۆژئاوا تێیدا دەژیێ. ڕۆژئاوا دەیویست بگاتە دوورترین خاڵ لە ڕۆژهـــەڵات، لەم پرۆســـەیەش یەکەم هەنگاو، گەیشـــتنی حاکمی بەریتانی کرۆمەر بوو بۆ میسر، ڕۆژهەڵات شکا، هەڵبەت پێشتر شـــکابوو، سیستەمی ئیســـتبدادی دەمێك بوو ببووە مۆدیلێکی شارستانی بێ کاریگەری، ئەم دیاردەیەش کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، دەشێ لە ســـەردەمی هاوچەرخ لە نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتـــی و نەتوانینـــی خۆبەڕێوەبـــردن و بینانەکردنی سیســـتەمی سیاســـی نوێ و مانەوەی کاریگەری سیاسی ئایین بە قووڵی و بە سلبی لە سەر تاکەکەس و کۆمەڵ ببینرێ.

هەروەها لە دیاردەی تر خۆی دەبینێتەوە وەك : نەتوانینی خۆبەڕێوەبردن و مانەوەی ســـەرچاوە ئابوورییەکان لە بـــن کۆنترۆڵی چەند گرووپ و لایەنێك، لە کاتێکدا حکومەت دەبێ ئیرادەی کۆنترۆڵکردنی هەبێ، ئەمەش لە ڕێگای دەزگا شەرعییەکانی خۆی. هەروەها وەك دیاردەی تری نەتوانینی بەهێزکردن و پاراســـتنی سەربەخۆیی قانون و بیناکردنی تاکەکەس و هاووڵاتی. وەك لاوازی حکومەت لە لەناوبردنی سەرچاوەکانی گەندەڵی.

بە کورتی : ئەگەر کورد بیەوێ بچێتە ئەو دیوی سیستەمی ئیســـتبدادی کە مۆدێلێکی ڕۆژهەڵاتیە و لەســـەر «بیرنەکردنەوە» دروست بووە و مرۆڤی نوێ پێی ناگاتە هیچ شوێنێك، دەبێ دیموکراســـی و ئازادی و مافی مرۆڤ بپارێزێ، ئەمەش بە فراوانکردنی دیموکراســـی و بنیاتنانی سیستەمێکی بەهێزی دژەگەندەڵی سیاســـی و دارایی و ئەخلاقی، ئەگەر شایەد گەندەڵـــی ببێتە هۆی ڕووخانی حکومەت، بێ شـــك و هیچ گومانێك دەبێتە هۆی ڕووخانی گـــرووپ و پارتە سیاســـییەکانیش، ئەمانەش لەگەڵ خۆی ڕاپێچ دەکا، ئەمەش لە بنچینەدا واتە گەڕانەوەی سیستەمی ئیستبدادی.

بـــەڵام فۆڕمـــی دژە ئیســـتبداد چییە ؟

هەڵبەت وەك داواکارییەکی خێرا کە بە سوودی ئایندەی نزیك ڕابگا، بێ هیچ گومانێك بریتییە لـــە دیالـــۆگ، پێوەندی و بەیەك گەیشـــتن، ڕیفـــۆرم، لەناوبردنی دەســـتەڵاتی تاکەکەســـە تاریکبینەکان.

دەشـــێ جیهانێکی نـــوێ، مرۆڤێکی نوێ لەسەر بنچینەی دیالۆگ بنیات بنرێ، چونکە دیالۆگ بیرکردنەوەی تێدایە و دژە بیرنەکردنەوەیە، بیرنەکردنەوە مۆدێلێکـــی ڕۆژهەڵاتیە و نامۆ نییە بە تاکەکەســـەکان، هەمووەدەم ئامادەیە بۆ گەڕانـــەوە و فەرمانڕەوایی، بـــەڵام ئێمە چۆن دەبێ ئاودیوی ئەم هەڵکەوتە بین..؟؟؟؟

# شنگار.. ٤٠٠ هەزار هاووڵاتی لەخزمەتگوزارییەکانی هەرێم و بەغدا بێ بەشکراون

شنگار ناوچەیەکی فراوانی کوردستانەو لە ساڵی ١٩٢٢ەوە بۆتە قەزاو تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم قەزایە سەر بەپارێزگای موسڵەو بەپێی ماددەی ١٤٠ای دەستووری عێراق مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەم دووساڵەی دواییدا دوای ئەوەی ئیدارەی پارێزگای موسڵ بەپاڵپشتی ڕاستەوخۆی لیستی حەدبا تەواوی قەزاکەی فەرامۆشکردووە، شنگار لە ئیدارەی موسڵ بایکۆتی کرد. پشتگوێخستنی ئەم ناوچە کوردنشینانە سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندیمان بەبیر دەهێنێتەوە، دوای ئەوەی پێشتر لەساڵی ١٩٧٥ەوە لەلایەن ڕژێمی بەعس گوندەکانی سنووری قەزای شنگار بە گشتی و ئەوانەی کورد بوون بەتایبەتی ڕاگوازرانەوە لە(١١) کۆمەڵگا کۆکرانەوە. قەزای شنگار ئێستا ناحیەکانی بلێج و سنوون و(١١) کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتووانی قەزای شنگار و سنوورەکەی بە گشتی زیاتر لە(٤٠٠) هەزار کەسە. خەڵکی سنووری قەزای شنگار زیاتر بەکاری کشتوکاڵی و چاندن و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، قەزای شنگار ناوچەیەکی کوردنشینە، لە ڕووی ئاینییەوە لە ٧٠٪ی یەزیدین و کەمتر لە ١٪ی کریستیانن و ئەوانەی تریش ئیسلامن، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ کاتێك کوردەکانی سنوورەکە لە کۆمەڵگاکان خڕکرانەوەو لە سەر زێدی باو باپیرانیان ڕاگوازرانەوە، لەلایەن ڕژێمی عێراقی بەهیچ شێوەیەك بەتایبەتی لە ڕووی کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری گرنگیان پێنەدراو پشتگوێخراون و لە دوای ساڵی ١٩٩١ و دواتر لە پرۆسەی ئازادی عێراق لە٢٠٠٣ قەزاکە بووەتە ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرو ناوبەناویش لەلایەن تیرۆرستانەوە کراوەتە ئامانج.




Pharmacy

له قەزای شنگار، سەنتەری شارۆچکەکە تەنیا له (٤٠٪) ی ئاوی پێویستی رۆژانەیان دەست دەکەوێت، سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوەش بیره، بەڵام بیرەکانیش ناتوانن یان بەپێی رێژەی دانیشتووانی قەزاکە نییە، بۆیە ناتوانرێت سەرجەم دانیشتووانی گەڕەکەکان و هاووڵاتیانی سنوورەکە بەتەواوی ئاویان بۆ دابین بکرێت و ساڵانە بیری ئاو هەڵدەکەنرێت، گەرچی لەبەر گەورەبوونی شارەکەو زۆری دانیشتووانەکەی پاش سێ تا چوار مانگی تر دووبارە پێویستمان به بیری تر دەبێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاوی خواردنەوەی شنگار پێویستە لە زێی دیجلەوە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئەنجام بدرێت بەبۆری گەورە ئاوڕاکێشرێت، ئەم پرۆژەیەش نە حکومەتی بەغدا نەئیدارەی موسڵ نە هەرێمی کوردستان بۆمانی ناکەن، بۆیە گرفتی ئاوی خواردنەوەمان هەر بەردەوام دەبێت.

### کارەبا لە قەزای شنگار رۆژانە چوار تا شەش سەعات هەیە

تەوەرێکی دیمانەکەمان لەگەڵ قایمقامی شنگار تایبەت بوو بە گرفتی کارەبا، ئەمە لەکاتێکدا دەنگۆی ئەوە هەیە بەمەنزیکانە لەهەرێمی کوردستانەوە کارەبا بدرێتە هەردوو پارێزگای کەرکوک و موسڵ، گەرچی ئیدارەی شنگار لەم رووەوە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیەو پێی وایە گەر بێتوو ئەو رێکەوتنە جێبەجێ بکرێت پێویستە بەشە کارەبای ئەو یەکە ئیدارییانە بدرێت کە ئێستاکە بایکۆتی ئیدارەی موسڵیان کردووە لەم رووەوە قایمقامی شنگار وتی: کارەبا لە قەزای شنگار رۆژانە چوار تا شەش سەعات هەیە، بۆیە هەوڵدراوە لە رێگای موەلیدەوە ماوەی کارەبا زیاد بکرێت، بەڵام لەگەڵ موەلیدەش کێشەمان بۆ دروست بووە بەتایبەتی لە دابینکردنی گاز بۆ هەموو موەلیدەکان، لەلایەکی تر بڕیار بوو ئیدارەی موسڵ لەگەڵ حکومەتی کوردستان و وەزارەتی کارەبا دابنیشن و لەگەڵ لایەنی پەیوەندار گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان وەربگرن، هەواڵیشمان پێگەیشتووە کە شاندێکی کارەبای موسڵ ئامادەیی ئەو دانیشتنانە بووەو لەلایەن وەزارەتی کارەبای هەرێمەوە پێشوازییان لێکراوە ئەمە کارێکی باشەو دڵخۆشکەرە، بەڵام لەم حاڵەتەش نوێنەری ئێمە وەکو ناوچە دابڕاوەکان و سنووری قەزای شنگار لەگەڵ ئەو شاندە نەبوون کە بۆ پێدانی کارەبا لەگەڵ وەزارەتی کارەبای هەرێم دانیشتبوون و راوبۆچوونیشمان وەرنەگیراوە، ئەمەش دیارە بۆ ئەوەیە کاتێک ئیدارەی موسڵ کارەبا لە حکومەتی هەرێم وەربگرێت ئێمە لەو بڕە کارەبایە بێبەش بکەن، هەروەها داواکارین لە حکومەتی کوردستان چۆن چارەسەری گرفتی کارەبای شاروشارۆچکەو ناوچەکانی تری کوردستانیان کردووە ئاوڕێکیش لە ئێمە بدەنەوەو چارەسەری بەشێکی گرفتی کارەبامان بۆ بکەن، بەتایبەتی لەدابینکردنی پێداویستییەکانی چاککردنەوەو ئۆتۆمبێل و راکێشانی کارەبا بۆ گوندەکان و دابینکردنی موەلیدەو چەندین پێداویستی تر.

## سنووری قەزای شنگار لەگەڵ ئەو شاندە نەبوون کە بۆ پێدانی کارەبا لەگەڵ وەزارەتی کارەبای هەرێم دانیشتبوون و راوبۆچوونیشمان وەرنەگیراوە

### نەبوونی ماستەرپلان و کێشەی کوژانەوەی زەوی

سەبارەت بەبوونی ماستەرپلان و بوونی زێدەڕۆیی لە قەزای شنگار قایمقامی قەزای شنگار وتی: قەزای شنگار ماستەرپلانی نییە و ئەمەش یەکێکە لەو کەموکورییانەی هەمانە، چونکە لە کاتی فراوانبوونی شارەکە تووشی زەحمەتی و کێشەیەکی زۆر دەبین، لەلایەکی تر کێشەی کوژارندنەوەی زەوی کاریگەری زۆر لەسەر شنگار هەیە، لەبەر ئەوەی کێشەی زەویوزار و تاپۆ چارەسەر نەکراوەو ئێستاش ئەم کێشەیە زیاتر بەرچاوبووە، هاوکات دیاردەی زێدەڕۆیی یەکجار زۆرە لە قەزاکەو هەر لەزیاد بوونیشدایە، ئەمەش هۆکارە سەرەکییەکەی نەبوونی ماستەرپلان و نەبوونی یاسا و رێنمایی کوژارندنەوەی زەوییە.

### لە شارەوانی قەزای شنگار تەنیا یەک شۆفڵ و یەک گرێدەرو دوو ئۆتۆمبێل هەیە

سەبارەت بە پاککردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵۆخاشاک و ئامێرەکانی شارەوانی لە قەزای شنگار قایمقامی شنگار وتی: شارەوانی بەو ئیش و کارەکانی خۆی هەڵدەستێت، بەڵام سنووری شارەوانی شنگار بەرفراوانە بۆیە شارەوانی قەزاکە ناتوانی ئەو ئیمکانیات، ئامێرانەی هەیە کارەکانی بە باشی و بەجوانی ئەنجام بدات لە شارەوانی قەزای شنگار تەنیا شۆفڵ و یەک گرێدەر و دوو ئۆتۆمبێل هەیە، ئەم ئامێرانەش هەروەکو نەبوون وایە، چونکە کێشە و گرفتی شارەوانی لە سنوورەکە و ناو سەنتەرەکە زۆرە پێویستی بە شۆفڵ و ئۆتۆمبێلی زۆر زیاتر هەیە و شارەوانی تەنیا (٦٠) کرێکاری هەیە بۆ کۆکردنەوەی زبڵۆخاشاک و رۆژانە دابەشی سەر چەند تیمێک دەبن بەشێوەی کۆن و تەقلیدی شارەکە پاک دەکەنەوە و کرێکارەکان زۆرماندوو دەبن لە پاشان زبڵۆخاشاکەکە بۆ شوێنێکی دیاریکراو لە سنوورەکە دەگوازنەوە، رێگای خۆ رزگار کردنەکەی زۆر مەترسیدارە بۆ ژینگە و تووشی بوون و بە نەخۆشی، لەبەر ئەوەی کە زبڵۆخاشاکەکە دەمێنێتەوە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدێت و خەڵک بێزار دەکات لە کاتی سووتانی زبڵۆخاشاکەکەشی چڕە دوکەڵ ئاسمانی سنوورەکە دادەپۆشێ و خەڵکەکە هەراسان و دڵتەنگ دەکات، پێویستە هەر لایەنێک بێت حکومەتی ناوەندی یان موسڵ یان حکومەتی کوردستان سیستەمی کۆکردنەوەی زبڵۆخاشاکەکە بگۆڕین بە سیستەمێکی هاوچەرخ و کارگەی ریسایکلینیش بۆ خۆ رزگارکردن لە زبڵۆخاشاکەکە دابمەزرێنن..

### تەنیا لە(٣٠٪)ی شارەکە ئاوەڕۆی هەیە

رێژەی ئاوەڕۆ لە سەنتەری قەزای شنگار زۆرکەمە بەشێوەیەک کاتێک سەردانی ئەو قەزایە دەکەیت هەست بەو هەموو ئاوەڕۆیە دەکەیت کە دەڕژێتە سەر شەقامەکەو بۆتە هۆکارێک بۆ پیسبوونی شارەکەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەمبارەیەوە قایمقامی شنگار پێی وابوو تەنیا لە(٣٠٪)ی شارەکە ئاوەڕۆی هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پاکو خاوێنی شارەکە هەیە، بۆیە پێویستە کۆڵانی گەڕەکەکانی ناو قەزاکە ساڵانە بە پلان و پرۆژەی ئاوەڕۆی بۆ ئەنجام بدرێت، لێرەدا داواکارین



لە حکومەتی کوردستان ژمارەی کرێکار و کارمەندانی خزمەتگوزاری شارەوانی قەزای شنگار زیاد بکەن و بودجەیەکی تایبەتمان بۆ باشترکردنی بواری شارەوانی تەرخان بکەن، هەروەها داوا لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ژمارەیەك پۆلیسی هاتوچۆمان بۆ دابمەزرێنن، چونکە بەو ژمارە کەمەی میلاکاتمان زەحمەتە بتوانین بەهاوشانی گەورەبوونی شارو پێداویستیەکان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەین و خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان بکەین.

**ناحیەی سنوون نەخۆشخانەی نییە**

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی و کێشەو گرفتەکانی لە قەزای شنگار و چۆنیەتی چارەسەرکردنی قایمقامی قەزای شنگار وتی:لە بواری تەندروستیش بەهەمان ئاستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر و زیاتریش کێشە و گرفتمان هەیە، بەتایبەتی لەوەی کە نەخۆشخانەی سەنتەری قەزا(٥٠) قەرەویڵەیە زۆر بچووکە و لەلایەنی ئامێر و پزیشکی ئافرەت و پسپۆڕ کەموکوڕیمان زۆرە، هەروەها لەناحیەی سنوون کە ژمارەی دانیشتووانی زۆرە بەڵام نەخۆشخانەی نییە، بەڵکو تەنیا بنکەیەکی تەندروستی زۆر بچووکی هەیە کە ئەمەش پێداویستی تەندروستی دانیشتووانەکەی چارەسەر ناکات، هەروەها هەندێ گوندی گەورەمان هەیە کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە(٤) هەزار کەسە کەچی بنکەیەکی تەندروستیان نییە، بۆیە ئەو گوندانە لە بواری تەندروستی گرفتی زۆرو گەورەیان هەیە پێویستە بەپەلە بیر لە چارەسەرکردنی بکرێتەوە.

**چوار دەوامی و سێ دەوامیمان هەیە**

سەبارەت بەبواری پەروەردە قایمقامی قەزای شنگار وتی: بەگشتی بینایەی قوتابخانەکانی سنووری سەنتەری قەزای شنگار زۆر خراپەو لەگەڵ ئەو سیستەمی تازەی خوێندنیش ناگونجێت، تەنانەت لە قوتابخانەکانیشدا چوار دەوامی و سێ دەوامیمان هەیە،ئەمە جگە لەوەی میلاکات و پسپۆڕایەتی گرفتێکی تری بەردەم گەشەکردن و پەرەپێدانی بواری پەروەردەیە لە شنگار، هەر چەندە ساڵانە حکومەتی هەرێم مامۆستامان بۆ دادەمەزرێنی بەڵام تا ئێستا گرفتی میلاکات و مامۆستای پسپۆڕیمان هەیە، گەر شنگار بەناوچەیەکی کوردنشین دانرێت پێویستە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت بەرنامەو پلانیان بۆ ئەم ناوچانە هەبێت بەتایبەتی لەبواری فراوانکردنی خوێندنی کوردی، گەرچی تارادەیەك لەم لایەنەوە حکومەتی کوردستان کاری بۆ کردوین ژمارەیەکی باش قوتابخانەی کوردیمان هەیەو بە کوردی و بە سیستەمی تازە دەخوێنن، بەڵام

**هەندێ گوندی گەورەمان هەیە کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە(٤) هەزار کەسە کەچی بنکەیەکی تەندروستیان نییە**

لەمبارەوەش پێویستە زیاتر گرنگی و کار بۆ سنوورەکە بکرێت، بۆ نموونە لە بواری خوێندنی باڵا تا ئێستاکە نەپەیمانگا و نەکۆلێژێك لە قەزای شنگار دانەمەزراوە، پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵبدات، پرۆژەیان هەبێت بۆ کردنەوەی زانکۆیەك لەم سنوورە فراوانە کە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دانیشتووانی هەیە.

**لە کۆتاییدا قایمقامی قەزای شنگار وتی:**

لە تۆڕی ڕێگاوبانی نێوان گوندو کۆمەڵگا و ناحیەکان و سەنتەری قەزا و ڕێگای سەرەکی نێوان سنوورەکە و شارەکان کەموکوڕیەکی زۆر هەیە، دەتوانین بڵێین شەقام و ڕێگاکان تا ئێستا هەر شەقام و ڕێگای کۆنەو گرنگی پێنەدراو، تەنانەت ڕێگای سەرەکی شنگار کە بە هەرێمی کوردستانەوە دەیبەستێتەوە ڕووبەڕووی لافاو بۆتەوەو لەزۆر شوێندا تێکچووەو مەترسی کارەساتی ناخۆشی لێدەکرێت. هەروەها پێویستە بە گشتی ئاماژە بەوە بکەم قەزای شنگارو سنوورەکەی لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری و ژیان و پێویستی ڕۆژانەی مرۆڤ کەموکوڕی بەرچاوی هەیە و زۆر لێرەدا زیاتر مەبەستمان حکومەتی کوردستانە، چونکە سنوورەکە بەشێکی بەرفراوان و گرنگی و ستراتیژی هەرێمی کوردستانە و خەڵکەکەی شنگار کوردی ڕەسەن و نەتەوەیین و زێدی خۆیان بە هەموو دنیا نادەن و هەموو زلم و ستەم و هەژاریان قبوڵکردووە لە پێناو پاراستنی خاکەکەیان و گەڕانەوەیان بۆ سەر سنووری کوردستان، بۆیە پێویستە بەرپرسانی حکومەتی کوردستان بەجدی کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی وا بکەن خەڵکەکە هەست بکات کە لایەن و حکومەتی کوردستان خەمخۆریانەو لەسەریان بە وەڵامدێت، لەو کارانە بەنموونە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەزمەی نیشتەجێبوون یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت، من پێم سەیرە باس لەکوردستانیەتی ئەم ناوچانە بکرێت و کەچی لە کەمترین پێداویستیەکانی ژیان بێ بەش بکرێت و بەرنامەو پلان نەبێت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەت ئەو خزمەتگوزارییانەی زوڵم و داڕمانی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە چارەسەر دەکات، ئومێدم بەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ئاوڕێکی جیدی لەناوچەیەکی وا گرنگ بداتەوە کە خەڵکەکەی دووجار زوڵمیان لێکراوە چ بەهۆی کوردستانی بوونیانەوە یا بەهۆی ئاینەکەیانەوە، کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێم ئاوڕێکی بەپەلە لەم ناوچەیە بداتەوەو چیتر تەنیا بەڵێنمان






# ئابوورییەکانی زانیاری .. چۆن زانکۆ

ڕاپۆرتی: د.نەژدەت ئاکرەیی


زانیاری بە یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی پیشـــكەوتنی شارســـتانییەت و مەدەنییەت دادەنرێت و لەجیهانی ئەمڕۆدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و وەك ســـەرچاوەیەكی ئابووری بەشدار لە ڕەوڕەوەی ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاســـی گەلان و میكانیزمی ســـەرەكی زانیاری زانكۆ و پەیمانگا و ســـەنتەرەكانی توێژینەوەی زانستییە، بە یاوەری كۆمپانیاو سەرمایەداری لە ژینگەیەكی دیموكراسی.

لەم ڕوانگەوە لەمیانەی خوێندنەوەی چەند ئەزموونێكی گرنگی وڵاتانی جیهان ئاماژە بەم ڕاســـتییە دەكەن، نەك تەنها لە جیهانی پێشـــكەوتووی وەك ئەمریـــكا و ئەوروپای ڕۆژئـــاوا و یەكێتی ئەوروپا وژاپۆن و چین، بەڵكو لە جیهانی ســـێیەمیش كە بریتییە لە كیشـــوەرەكانی ئاسیاو ئەفریقیا و ئەمریكای لاتیـــن بەتایبەتی وڵاتانـــی وەك (كۆریای باشـــور، مالیزیا، ســـەنگافورە، پاكســـتان، هیندستان، میسر، باشوری ئەفریقیا، بەرزیل، ئەرجەنتین، ڤەنزوێلا، توركیا).

لـــە خوێندنـــەوەی ڕەوڕەوەی زانســـتی (خوێندنـــی بـــاڵاو توێژینەوەی زانســـتی و پـــەروەردە) لـــەم وڵاتانـــەدا ئامـــاژە بە پێشكەوتنێكی مۆدێرنی هاوچەرخ دەكرێت، لەســـەر پێوەرە ئەكادیمییە پێشكەوتووەكانی جیهـــان، ئەگەرچی زۆربەیان ســـەرچاوەی ئابووری بەهێزیان نەبووە بۆ نموونە وەك(نەوت وكانزاكان)، بـــەڵام توانیان لـــە ماوەیەكی بەرچاو و لە قۆناغـــە مێژووییە گرنگەكان و بە بوونی ئیرادەیەكی سیاسی بەهێز بگەنە ئاستێكی بەرز لە ئابووری زانیاری و توانیان زانكۆ و پەیمانگاو سەنتەرەكانی توێژینەوەی زانستیان بكەنە ســـەرچاوەیەكی گرنگ بۆ گەشـــەپێدان، ئەویش بەبوونی عەقلییەتێكی ســـەرمایەداری و بەرهەمهێنانـــی و هەماهەنگییەكی پتەو لەنێوان ئەم دامەزراوانە تا گەیشـــتە ئەو ڕادەیەی كە وا كۆمپیانیاكان نوسینگەیان هەیـــە لـــە زانكۆكان و زانكۆكان سەنتەری توێژینەوەیان هەیە لە كۆمپانیاكان. لـــە ئەنجامـــدا كۆمەڵگایەكـــی مەعریفی هاتـــە كایەوە و بـــووە بنەمایەك بۆ ئابووری مەعریفیـــەو، داهاتی ئابووری و بەشـــەری لەخزمەتـــی یەكتر دابـــوون. بێ گومان ئەم ئەزموونانەش لەسەر بنەمای داتاو زانیاری توێژینەوەی زانستی بوون.

ئـــەم خاڵانەی لـــە ســـەرەوە ئاماژەمان پـــێ كـــردن تـــەوەری ســـەرەكی خولێكی خوێندن و مەشـــق پێ كـــردن بوو لە ماوەی (٦-٢٠١١/٦/١٩) بەسەرپەرشـــتی (بانكی نێودەوڵەتـــی بـــۆ گەشـــەپێدان و ئابووری) دەربارەی ســـتراتیژییەتی پـــەروەردەو خوێندنـــی باڵا لـــە عێراق. ئـــەم خولە لە وڵاتانی كۆریای باشور و مالیزیا ئەنجام درا بە بەشـــداری كردنی (٣٠)پسپۆری زانستی عێراق و كوردســـتان لە بوارەكانی پەروەردەو خوێندنی باڵا بەمەبەســـتی ئاشـــنابوون بە ئەزموونـــی پێشـــكەوتنی ئـــەم دوو وڵاتە، جگە لە ســـەنگافورە و پاكســـتان لە بواری ئابوورییەكانی زانیاری و چۆنییەتی كاركردن بۆ ئـــەوەی زانكـــۆكان ببنە ســـەرچاوەی گەشەپێدان، ە لە دواییدا سوود وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەند كردنی ستراتیژییەتی نیشتیمانی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە عێراق و هەرێمی






# دەبێتە سەرچاوەیەکی گەشەپێدان؟

کوردستان.

ئەوەی تێبینی کرا لەم ئەزموونانە، بوونی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز و ویست و پێداویستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فراونی بنکەکانی زانیاری و شەفافییەت و بوونی داتاو زانیاری و تەنانەت وەزارەتێکی تایبەت بە ئابووری زانیاری بوو، جگە لە وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا و زانستی و تەکنەلۆژیا. لەم وڵاتانەدا کێشەی نەبوونی توانای وەرگرتنی قوتابیانی دەرچووی ئامادەیی لە زانکۆکان بوونی نییە و بەهەمان شێوەش کێشەی بێکاری بۆ ئەوانەی لە زانکۆکان دەردەچن نییە ، جگە لەمەش پرۆگرامی فێربوونی بەردەوامیان هەیە بەدرێژیی ژیانیان. دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پاڵپشتی تەواوی لێ دەکرێت لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەت، واتا بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری هەیە لەم بوارەدا.

لە ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی سەرەوە، گەر سەیرێکی واقعی ئابووری زانیاری لە هەرێمی کوردستان بکەین بەوەی کە چۆن دەبێت زانکۆکان بکەینە سەرچاوەیەکی گرنگی گەشەپێدان، ئەوا دەبینین زەمینەو ژینگەیەکی ڕێگاخۆشکەر هەیە لەم بوارەدا، میکانیزمی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە پێداچوونەوە و گۆڕانی یاساو ڕێساکان لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا و بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای شەفافییەت و سەربەخۆیی ئەم دەزگایانە و داڕشتنی سیاسەتی تەندروست بۆیان، بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی گەشەپێدان و بڕیاری تەندروست لە ڕۆشنایی داتا و زانیاری و پێداویستییەکانی بازاڕی کار و بەردەوامی پاڵپشتی دارایی حکومی و گەڕان بە دوای سەرچاوەی تری دارایی بەتایبەتی لە بواری توێژینەوەی زانستی. لە هەمان کاتدا ڕەچاوکردنی دڵنیایی جۆری و خوێندنەوەی سیاسەتی خەرج کردن لەم بوارە و ئەنجامەکانی.

هەموو ئەم تەوەرانە شایانی باس و گفتوگۆ بوون لە کۆبوونەوەکان و ئاماژە بە هەنگاوەکانی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا کرا، بەتایبەتی سیستەمی تازەی پەروەردە و دیدی تازەی دیموکراسی مۆدێرن بۆ سیستەمێکی هاوچەرخ بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕۆشنایی پڕۆژەیاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆیەکی دیموکراسییانەدا. بەم شێوەیە دەتوانین لە هەرێمی کوردستان ببینە خاوەن ستراتیژیەتێکی تایبەت بە پەروەردەو خوێندنی باڵا و کێشەکانی وەرگرتن لە زانکۆکان کارکردن لە بازاری کار دوور لە سیاسەتی دامەزراندن (توقیف) بەڵکو بەشێوەی کاری ئابووری بەرهەمهێنەر کاربکرێت. لە ئەنجام دا شەراکەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەواو هەبێت لە نێوان کۆمەڵگاو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاو کەرتەکانی ئابووری، بە ڕەچاوکردنی بوونی نەوت و سامانە سروشتییەکان لە کوردستان دا.

***بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوەو پەرەپێدان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی-هەرێمی کوردستان**

